# پێشینی زێڕین
## گەپی دوور لە قین

# خەبەردار

(٣ - ٣)



ستران عەبدوڵڵا

ستران عەبدوڵڵا

پێشینی زێڕین، گەپی دوور لە قین (خەبەردار)

2026


دەگمەن

لەبڵاوکراوەکانی (دیجیتاڵ دەگمەن)

-٥-


لەم کتێبی سێیەمە لە کوردستانی نوێی- هەفتانەدا هەندێک شێوەی هەواڵسازی و توانجی لوبنانیم کردۆتە مۆدێل، بەڵکو رۆژنامەی کوردی لەسەری بڕوا. گشتی ئەم کۆکراوە و ئەم بەرهەمەی لێ کەوتەوە.

ناوم نا (پێشینی زێرین، گەپی دوور لە قین) تا مانا بدا بەدەستەوە نووسینەکان کۆن و دێرینن، هی رۆژانی پێشین کە قەڵەم دەیتوانی هەموو شتێک بەناوی رۆژنامەنووسییەوە بڵێ بێ ئەوەی ناونیشان و پلەی سیاسیی وەکو ئێستا ببێتە کۆت و کەلەپچەی دەست.

پێشینی زێڕین
گەپی دوور لە قین

**خەبەردار**

پێشینی زێڕین

گەپی دوور لە قین

# خەبەردار

(٣ - ٣)

ستران عەبدوڵڵا

سلێمانی - ٢٠٢٦

بەرگی هەر سێ کتێب، بە پەرەموچی هونەرمەند شێرکۆ خانزادی و لە سەکۆی مەشهورەوە،
بە ئیزنی خاوەنەکەی وەرگیراوە. سوپاسی دەکەم

ناوی کـتـێــب: پێشینی زێڕین، گەپی دوور لە قین (خەبەردار)

نووسەر: ستران عەبدوڵڵا

دیزاین: شۆڕش ئەحمەد

دەزگای بژاردەی (دەگمەن)

لە بڵاوکراوەکانی دیجیتاڵ دەگمەن (٥)

# چیرۆکەکە بێ بنچینە و بێ بنەما نییە

تەمەنـی ئیدراکـی حەقایـق لای نووسـەر، کـە ئیدراکـی حەقایـق وەك شـێخ ڕەزا دەیفەرمـوو مومکیـن نییـە، هاوشـانی بەشـداری ڕۆژنامەوانیـی و هاتنـە دونیـای نووسـینی سیاسـییەتی. کـە دەمـەوێ باسـی بەشـداری سیاسـیی بکـەم هـەر دەبـێ باسـی بەشـداری ڕۆژنامەوانـی بکـەم. لـەم بـاس و کـۆڕەدا زۆرم نووسـیووە و زۆرم چاپکـردووە. لـە پەنـا باسـی جیـددی و شرۆڤـەی قەڵـەو قەڵـەوەوە، کاروبـاری ڕۆژنامەنووسـیی توانـج و سـیخورمە و لاقرتێشـی گـەرەك بـوو. بەتایبەتـی کـە ڕۆژنامەنـووس لـە کایـەدا هـەم نووسـەر و هـەم کارگێـر و هەمیـش نفیسـکاری ڕۆژنامـە و گۆڤـاران بێـت. هەندێـك جـار دەزانـی هـەر شرۆڤـە و باسـی جدییـدی بـەس نییـە، قسـەی نەسـتەق و توانجـی ڕەق و تـەق و کاریکاتێـر و تیـری گەپچاڕیـش پێویسـتە. ئەمانـەی لێـرە لـەم سـێ کتێبـەی لـە یـەك جلـد بەنـاوی (پێشـینی زێریـن -گەپـی دوور لـە قیـن) بـڵاو بوونەتـەوە. بەشـێکن لـەو جـۆرە نووسـینانە کـە لەسـەر زیزبـوون و عاجزبـوون و لێکدانـەوەی جیـددی نەکـراون و هـەر دەبـێ لـە مـەکان و زەمـان و سـنووری مانـای خـۆی لێـك بدرێتـەوە.

بەشـی یەکەمـی بریتییـە لـە کۆمەڵێـك نووسـین کـە دەشـێ نـاوی بەیـت و بالـۆرە و لاواندنـەوەی گاڵتـە و گەپـی لـێ بنێـم. کـە دەشـێ وەك (مەوالـی) عەرەبـی بێـت. بەشـی دوەمیـش هـەروا و دیـارە سـێیەمیش کورتـە توانجـە

ئـەم تـەرزە لـە ڕۆژنامەگـەری دونیـا بـاوە و کاتـی خـۆی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ڕۆژنامەگـەری عەرەبـی و ئێرانـی پێـی دەناسرایـەوە. لە ئێران (عەلی

ئەکبـەر دهخـدا) ئەوەنـدە توانجـی وای نووسـی بـووە خـاوەن فەرهەنگـی وا کـە خزمەتـی ئـەدەب و زمانـی فارسـی پـێ کـرد. لای تـورك نازانـم کـێ بـوو؟ مەگـەر عەزیـز نەسـین لـە چیرۆکـدا بیخەینـە بابـی رۆژنانووسـی تەنـزەوە. لای عـەرەب لـە عێـراق تـا لوبنـان هەبـوون. عیـراق کوردێـك کـردی (نـوری سـابت) کـوردی سـلێمانی بـە نـاوی حەبـەز بـۆزەوە قسـەی نەسـتەقی بـۆ شـاعیر عەبـود کەرخـی دەسـەندەوە. لـە میـسر ئەهلـی تەقـوای وا زۆر بـوون. بەیـرەم تونسـی خەبـات و مەنفـا و گاڵتەجـاڕی وا تێکەڵکردبـوو مەشـهوری گشـت عالەمـی (ئـوم دونیـا) بـوو. ئینجـا نـاوی تریـش هـەن لـە ئەحمـەد رەجەبـەوە بـۆ مەحمـود سـەعدەنی و هـی تریـش.

لـە لوبنـان ئـەم ژانـرە و هـی دیکـەش کـە توانـج و دیالۆگـی گاڵتـە و گەپـە وا بـاوە بۆتـە بەشـێك لـە ئەزموونـی رۆژنامەگەرییـان. لـە رۆژنامەگـەری کوردیـش بـە یارمەتـی کاروانـی شـیعری کـوردی نەریتـی وا دەبینیـن. لـە نـق و جقەکـەی عەبدوڵـڵا گۆرانـەوە بـۆ گاڵتـە و گەپەکانـی فایـەق بێکـەس تـا بەشـی تەنـزی پەندەکانـی پیرەمێـرد لـە رۆژنامـە و ئینجـا دیوانـی شاعیرانیشـدا دەبینرێـت. هـەژاری موکریانـی لـە رۆژنامـەی خەباتـی برایـم ئەحمـەدەوە و ئینجـا رۆژنامـەی (کوردسـتان) ی سەرنووسـەرێتی مـام جـەلال ئـەم شـیوازە رۆژنامەوانییـە شـیعرییەی نووسـی. تـا دواییـش لـە کەینوبەینـی سیاسـی ناکۆکی نـاو کوردایەتـی باشـووردا رێـك دژی هـەر دووکیـان (برایـم و مـام جـەلال) خسـتییە کار و پێـم وایـە خراپـی کـرد. وەکـو هەمـوو ئیجتهـادە سیاسـییەکانی لـەم مەیدانـەدا خـراپ بـوو و لـە شـەئنی تێکۆشـانە فەرهەنگییەکـەی هێنایـە خـوارەوە.

لـە رۆژنامەگـەری دوای راپەڕیـن ئەگـەر قسـە لەسـەر تەنـزە بـە شـێوەی گل ئاغـا یـان گۆڤـاری مـەلا نەسردینـی جـاران ئـەوا گۆڤـاری سـیخورمە و دکتـۆر شـێرکۆکەی چاکیـان کـرد و ئەگـەر قسـە لـە ئحمـی بەشـدارییە لـە ئاوارەیـی ٣١ی ئابـی ١٩٩٦دا بڵاوکـراوەی (کامـپ) ویسـتی خەمـی ئاوارەیـی دانیشـتوانی ئـۆردوگای (قاسـمە رەش) برەوێنێتـەوە و فریـای دوو ژمـارەی خـاس کـەوت.

ساڵی ١٩٩٧ لە ئەزموونی گۆڤاری ناوازەی تایمدا، لە یەك گۆشە بەسەر حزبە بچوکەکاندا بەناوی عەلی بەردەشانی تاقیمکردەوە کە لێرە لە کۆتایی موتەفەرقیەدا دامناوە. جا ساڵی (٢٠٠٨) کە بینیم لە چاپە عەرەبییەکەی الاسبوعیه (لە بڵاوکراوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن) رۆژنامەنووسێکی عێراقی (عەدنان ئەبوزەید) ئەم گۆشەیەی بە کاریکاتێرێکی جوانەوە بوژاندۆتەوە گوتم فورسەتە لە چاپە کوردییەکەی (هەفتانە) منیش بچمە سەر ئەشقی دێرین و وام کرد کە لێرە دەیبینن. ئینجا لەگەڵ هونەرمەندی بەتوانای کوردی عیراق، عەلی مەندەلاوی، رێککەوتم ناوی بۆ بنێرم و ئەویش کاری دەوڵەمەندو تێری کاریکاتێریان لەسەر بکات.

لە کتێبی دووەمی مەنەلۆج کارەکە گەڕانەوەیە بە هەمان ناونیشانی مەنەلۆجە تاقانەکەی تایم و بەهەمان ناوەرۆکی گاڵتە و گەپی (میوانی هەفتە)ی هەفتانە. ناوەکەشی نزیکە لە مەنەلۆگەکەی داهێنەری فەیلی، مەنەلۆجستی عیراقی، عزیز عەلی کە دواتر هونەرمەندی بەهرەمەند سابر عەبدولرەحمان لە کۆتایی هەفتاکانی سەدەی رابردوو چەند دیمەنێکی جوانی بە ئەزموونی کوردی، لێ تۆمار کرد.

مەنەلۆجی کتێبی دووەم بووە میوانی (کوردستانی نوێ) کە خۆتان دەزانن رۆژنامەی حزبی بڕێکی زۆر سانسۆری گەرەکە. بەتایبەتی لە نووسینی گاڵتە و گەپدا. هەرواش بوو. یەکەم ئەڵقەی لەسەر کوژرانی بەلاش و حەلاش و بێ تاوانی شێخێکی شیعەی سعودیا بوو کە رۆژنامەنووسە زەردەکانی دەڤەری زەرد توانجی بێ تامیان لێدام گوایە نووسین لەسەر شێخی شیعە وەك ئەوە وایە لە دابەشبوونە ئیقلیمییەکاندا، کە خۆیان زۆر کەیفیان پێیەتی، بەلای ئێرانی سەفەویدا بیشکێنییەوە لەبەرامبەر تورکیای عوسمانیدا. بەداخەوە چونکە خۆیان تەرەفداری بەئاگابوون وایان زانی خەڵکی دیش وەك خۆیان تەرەفداری تورك و عەجەمە، بێ ئەوان دەست ناکەن بە ئاوا.

کتێبــی ســێیەمی ئــەم یــەك جڵــدە بەنــاوی (خەبــەردار)ە کــە کــوردی ڕۆژهەڵاتــی پــێ دەناسرێتــەوە و مانــای (أنتبــاه) دەگەیەنــێ.

لــەم کتێبــی ســێیەمە لــە کوردســتانی نوێــی- هەفتانــەدا هەندێــك شــێوەی هەواڵســازی و توانجــی لوبنانیــم کردۆتــە مۆدێــل، بەڵکــو ڕۆژنامــەی کــوردی لەســەری بــڕوا. گشــتی ئــەم کۆکــراوە و ئــەم بەرهەمــەی لــێ کەوتــەوە.

نــاوم نــا (پێشــینی زێریــن، گەپــی دوور لــە قیــن) تــا مانــا بــدا بەدەســتەوە نووســینەکان کــۆن و دێرینــن، هــی ڕۆژانــی پێشــین کــە قەڵــەم دەیتوانــی هەمــوو شــتێك بەنــاوی ڕۆژنامەنووســییەوە بڵــێ بــێ ئــەوەی ناونیشــان و پلــەی سیاســیی وەکــو ئێســتا ببێتــە کــۆت و کەلەپچــەی دەســت. دیــارە گەپــی دوور لــە قینیــش بــە مانــای ئــەوە دێ کــە توانجــەکان هــەر بــۆ دەوڵەمەنــدی ڕۆژنامەوانیــی و هــەر بــۆ ســیخورمەی سیاســیی زەمــان و شــوێنی خۆیەتــی. ئــەم جڵــدە بــە ناونیشــانی جیــاو بــە ئیمــزای جیاکــراون، بــەڵام لێــرە بەیــەك ئیمــزا یەکیــان گرتــەوە.

هیــوادارم شــوێن بگــرێ و بەشــێکی ئەزموونــی نۆســتالتیجیای ڕۆژانــی زوو بێــت.

**ستران عەبدوڵڵا**

٢٠٢٢/١٠/٢١

*روسـيا دەڵـێ بیسـت جـار لـە داعشـم داوە و هاوپەیمانەکانیـش دەڵێـن تەئکیـد بکـەرەوە ئـەوە داعـش نەبـووە. مەسـەلەکە ئـەوە نییـە کـێ ڕاسـت دەکات مەسـەلەکە ئەوەیـە تـۆ کێـت پـێ داعشـە و پێـت وایـە شـایانی لێدانـە؟ لـەم رووەوە لـە تورکیـا بپرسـن کـە ئەویـش دەیـوت لـە داعشـم داوە!

*ئاژانسـەکانی هـەواڵ دەڵێـن پەنابەرێکـی ئەفغانـی تەمـەن ١١٠ سـاڵ گەیشـتۆتە ئەڵمانیـا. کابـرا دڵـی تـەڕە و بەتەمـای ژیانێکـی نوێیـە. سـەد سـاڵەکەی سـایکس بیکـۆی لـێ دەربکـە کـە سـەبەبکاری هەمـوو پەژارەکانـی رۆژهەڵاتـە کاکـی ئەفغانـی١٠ سـالانە!

*سـنان شـەبیبی بەڕێوەبـەی پێشـووی بانکـی ناوەندیـی عیـراق بـە دۆسـتێکی خـۆی وتـوە مالکـی بـە قـەدەر هەمـوو سـەرۆکەکانی عیراقـی کۆمـاری پـارەی خەرجکـردووە کـە ئەگـەر بـاش خەرجـی کردبـا ئێسـتا ٣٠ ملیـۆن عیراقـی حەسـاوە بـوون. بڕیـا شـەبیبی بـە دۆسـتیکی دیکـەی دەگـوت ئـەدی کـۆی ئـەوەی عـەلاوی و جەعفـەری و عەبـادی سـەرۆك وەزیرەکانـی پێـش و پاشـی مالکـی چەندیـان سـەرف کـردووە؟ شـان دەدات لـە شـانی خەرجـی سـێ پادشـاکەی دەورانـی مەلەکـی؟!

**ژمارە: (٦٧٨٤) هەینی و شەممە ٢ -٣/١٠/٢٠١٥**

*گوتیـان فەرمانبـەری فەرمانگەیـەك هەرەشـەی لـە روسـیا کـردووە کـە بـێ مـەرج پەلامـاری داعـش نـەدا لـە عیـراق، روسـەکان تەنـگاو بـوون، بـەڵام دواتـر ئەمەریکاییـەکان وتیـان مەترسـن، هـەوری بەهـارە لـە وەرزی پایـزدا چونکـە پێشـتریش هەرەشـەی لـە ئێمـە کـرد و ئێمـە بەسـەر خۆمـان نەهێنـا.

*ئـەدروگان نوتقـی تـازەی داوە دەڵێـن گوایـە وتویەتـی کـوردەکان کـوا شـەڕی داعشـیان کـردووە؟ کاکـم دیـارە حاجـی قـادر گوتەنـی عەکسـی خـۆی دیـووە لـە ئاوێنـە بۆیـە جوێـن دەدا.

*دەڵێـن لـە بەغـدا ناکۆکـی تـازە قەمـاوە، بۆیـە نهێنـی تـازە ئاشـکرا دەبـن. عەبـادی پـەردەی نهێنـی لەسـەر خەرجـی و زێدەمەسرەفـی مالکـی لادەبـا و مالکیـش زانیـاری هەرەشـە ئامێـز دەدات. ئەحمـەد چەلەبـی هەندێـك داتـا و ئامـاری گوتـوە. ناحەزەکانـی چونەتـە لای سـکرتێری مەکتەبەکـەی ئینیفـاز قەنبـەر تـا نهێنـی لـەدوای نهێنـی ئاشـکرا بـکات. هـەر ناکۆکییـەك دەرفەتـە بـۆ شـەفافیەت و ئاشـکراگۆیی.

*روسـیا دەڵـێ مـن ئۆپۆزسـیۆنی میانـڕەو و تونـدرەو ناناسـم لە سـوریا، هەموویـان وەکـو یەکـن. لـە پێشـمەرگایەتیدا قسـە خۆشـێك هەبـوو دەیگـوت بەعـس وەك کڵاش هەورامـی وایـە نـە یەمینـی هەیـە نـە یەسـار.

**ژمارە: (٦٧٩٠) هەینی و شەممە ٩ -٢٠١٥/١٠/١٠**

*رابــون مەعــروف ســەرۆکی فراکســیۆنی گــۆڕان لەپەرلەمانــی کوردســتانیش لەگــەڵ کاروانــی رابوونــی ئیســلامی سیاســیی کەوتــووە. ناوبــراو جــاران کۆمۆنیســتێکی عەیــار بیســتو چــوار بــوو کــە حزبــی شیوعیشــی پــێ یەمینــی بــوو لــە دیــداری کەناڵــی رووداودا نموونــەی ئیســلامەتیو گێڕانــەوەی پێغەمبــەری (د.خ) دەهێنایــەوە. چونکــە تــازە ئیســلامییە نموونەکانــی بــاش ئەزبەرنــە کردبــوو. گوتمــان دونیــا گــــۆڕاوە، بــەڵام واش نــا.

*جەبــار یــاوەر ئەمینــداری گشــتی وەزارەتــی پێشــمەرگە هەرچەنــدە کاتــی خــۆی لەســەر بەشــی یەکێتــی پەیوەنــدی بەحکومەتــی هەرێمــەوە کــردووە، بــەڵام ئەویــش بەڕێچکــەی فــەلاح مســتەفا "فەرمانــدە"ی هێزەکانــی پەیوەندییەکانــی دەرەوە رەخنــەی لــە روســیا هەیــە. رەنگــە هەردووکیــان پێیــان وابێــت گەمــە لەگــەڵ گــەورەکان لیاقەتــی وەرزشــیان بەرزدەکاتــەوە. قەینــا ئــەدی گیانــی وەرزشــی؟

*تەجرەبــەی تورکیــا دەیەوێــت پێــمان بڵێــت ئەگــەر حــزب ئیســلامی بــوو، وەك حزبــی دادو گەشــەپێدان، میتنگــە جەماوەرییەکانــی چەنــد گــەورەش بــن پارێــزراوو ســەلامەت دەبێــت. بــەڵام میتنگــی حزبــە چەپــو نەتەوەییەکانــی وەکــو هەدەپــە پارێــزراو نابێــت بــا نــاوی میتنگــی ئاشتیشــیان لــێ نرابێــت. تورکیــا فەوزایــەو دۆخەکــە ئاماژەیــە بــەوەی ئەوی خــوا نەیپارێــزێ، دەوڵــەت نەمــاوە تــا بیپارێــزێ!!

*مـادام فەرهەنگـی بـارەگا سـووتاندن داهاتـووە لـە بادینـان تـا سلێمانیو هەولێـر، هەقـی وایـە حزبـەکان بـەدەل ختـورە بـۆ ئەندامەکانـی خۆیـان لـە ناوچەکانـی ژێـر نفـوزی حزبەکانـی تـر ببڕنـەوە. بـەڵام بـە مەرجـێ پـارەی ختورەکـە لـە بودجـەی گشـتی نەبێـت.

**ژمارە: (٦٧٩٦) هەینی و شەممە ١٦ -٢٠١٥/١٠/١٧**

*کاکم لەڕۆژنامەیەکی عەرەبی سوننەی سعودیە هەرچی نەشیاوە بە زۆنی سەوزی دەکاتو ناوی خۆشی ناوە رۆژنامەنووسی پڕۆفیشناڵ و ئیش بۆ ئەوانە دەکات دەوڵەتی کوردییان بە سنووری دێگەڵە گۆڕییەوە.

ناوی ناهێنین نەوەك ببێت بەچاوەوە، بەڵام دونیای بۆ مەگەڕێ لە»شەرقی ئەوسەت» بگەڕێی دەیدۆزیتەوە.

*رۆژنامەکانی عیراق هەلەکە سەمایانە لەخۆشی تێکچوونی باری سیاسی کوردستان، سالم مەشکور و عارف ساعدی ناتوانن لەنووسینیشدا دڵخۆشی خۆیان بشارنەوە، لەکوردستانیش ئەوانەی لەهەردوو زۆن زمانیان درێژە بۆ گیان یەکێتی، قەت جوابێکیان نییە.

*کوردستان خەریك بوو لەگەڵ هێوربوونەوەی دوای خۆپیشاندانەکان رادەهات لەناکاو ئاشتی هەورامی پەیدا بۆوە و کەوتەوە باسی مووچەو مەعاشی خەڵك، کاکە دۆخەکە ناسکە هی سوعبەتی «ئاشتی» نییە، پێویستییەکی جدی بە ئاشتییە.

*لەم ژمارەیەدا دۆسییەکی تایبەتمان هەیە لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبەر و هاوڕێ لینینی سەرکردەی شۆڕشەکە، هەروەها راپۆرتیشمان هەیە لەسەر کوردستانو بەغدا، هەندێك لەوانەی بە شەش کەس نە دەچوونە شایی، ئێستا بە حەوت کەسیش نایەنەوە دەرەوە و پەلەتر لەڕۆژنامەی رۆژانە پەلەی گەڕانەوەی بەغدایانە. وەکو بڵێی منو تۆ

تێکمانـداوه، مـادام باسـی ئۆکتۆبـەر و لینینـە، قسـەیەکی خۆشـی هـاوڕێ لینیـن بەسـەر ئەوانـەدا جێبەجـێ دەبێـت کـە هەڵپـەی بەغدایانـە.

(بچـۆ بـۆ ئـەو پـەڕی چـەپ خـۆت لەوپـەڕی راسـتدا دەبینیتـەوە، بچـۆ بـۆ ئەوپـەڕی راسـت خـۆت لەوپـەڕی چەپـدا دەبینیتـەوە).

**ژمارە: (٦٨٠٢) هەینی و شەممە ٢٣ -٢٠١٥/١٠/٢٤**

*ئەگەر یەکێك بتوانێت قەپاتو باش بێت پێی دەڵێن دینو دونیای بردۆتەوە.

لەمڕۆدا کە حزبو حزبایەتی لەکوردستان هەژموونیان بەسەر دەوڵەتەوە هەیە قەپاتەکان ئەوانەن حزبو حکومەت پێکەوە گرێ دەدەن، یان هەم سەرکردایەتی بن، هەمیش وەزیر، خۆ ئەگەر لە دەوڵەتیشدا دوو وەزارەت یەکیان ئەسڵیو ئەویتریان بە وەکالەت وەربگرن ئەوا نور عەلا نور بەتایبەتی ئەگەر پەروەردە و ئەوقافیش بێت، ئەوا وەزیر لەو حاڵەتەدا دەبێتە مەسئولی مامۆستای پەروەردەی و مامۆستای ئاینیش، یانی دەبێتە وەزیری مامۆستای دینو دونیا

*لەسەر ریزبەندی تازەی مووچە لەعیراق راپۆرتو ریپۆرتاژ وبەدواداچوونی زۆر کراوە، هەندێکیان پشتیوانو هەندێکیشیان رەخنەی لێ دەگرن، جوانترین رەخنە ئەوەیە رۆژنامەیەکی عیراقی نووسیویەتی: «ریزبەندی تازەی مووچە سۆشیالیستیە، بەڵام بازاڕەکەمان سەرمایەدارییە».

ئەمە ناونیشانێکی زۆر سەرنج راکێشە هەم بۆ عیراقو هەم بۆ کوردستانیش کە بەردەوام باسی ریزبەندی مووچە دەکرێت و رۆژنامەکان بە ئازادانە لەسەری دەنووسن، بەڵام کەس نایە لەسەر ئەو بازاڕە ئازادە بنووسنو قسە بکات کە بێ رەحمانە خەڵك دەهاڕێو میدیای لیبراڵی کوردستانیش خۆی لێ دەبوێرێ.

* هەمیشــە جیاوازییەکــی زۆر هەیــە لەنێــوان خەونــو واقیــع، ئەندێشــەی مــرۆڤ بــۆ ئاینــدەو ئەنگێــزەی مــرۆڤ بــۆ هەڵســوکەوت و رەفتــاری رۆژانــەی، جیــاوازی هەیــە لەنێــوان دینــداری حاجــی لەمەککــە و ســوێند خواردنــی لەدوکانەکــەی. جیــاوازی هەیــە لەنێــوان پڕوپاگەنــدە بــۆ شــتێك و رەفتــار کــردن بەشــتێکی تــر، بــەڵام جیاوازییەکــە چەنــد زۆر بێــت، ناکاتــە ئــەوەی مــرۆڤ خەونــی ســەربەخۆیی دەرخــواردی خەڵــك بداتــو مۆتەکــەی دوو ئیدارەیــی بگاتــە داهۆڵــی باخچــەی پشــتەوەی مــاڵ، ئاخــر فــەرق زۆر زۆرە لەنێــوان رێککەوتنــی دێگەڵــەو رێککەوتنــی ســایکس بیکــۆ.

*چەندجــار خوێندراوەتــەوە و بیــنراوە لەمیدیاکانــەوە کــە پەکەکــە ئامــۆژگاری حزبەکانــی باشــوور دەکات گفتوگــۆ لەگــەڵ بەغــدا بــۆ چارەســەری کێشــەکان بکــەن.

دوو ســێ رۆژیشــە پارتــی لەگوزارشــتی جــۆراو جــۆردا ئامــۆژگاری پەکەکــە دەکات بگەڕێتــەوە بــۆ گفتوگۆکانــی ئاشــتی، باشــترین شــت ئەوەیــە لەدۆســێی باکــووردا پەکەکــە بەقســەی پارتــی بکاتــو لەدۆســێی هەرێمــو بەغداشــدا پارتــی بەقســەی پەکەکــە بــکات، ئەمــە لــەوە باشــترە هەردوولایــان بەرامبــەر پایتەختەکانیــان توندبــن.

*وەڵامــو وەڵامــکاری نێــوان ئەنجومەنــی نوێنەرانــی عیراقــو ئەنجومەنی وەزیرانــی عیــراق پڕۆســەی چاکســازی دەگەڕێنێتــەوە چوارگۆشــەی یەکــەم، ئەگــەر ئــەم ململانێیــە بــەردەوام بێــت دوورنییــە نیشــانەی کۆتایــی پڕۆســەی سیاســی وڵات بێــت، یانــی لەچوارگۆشــەی یەکەمــەوە بــۆ زیرۆکردنــی عەدادەکــە دەڕۆیــن.

*کــە شــەڕی راگەیاندنــی پارتیــو یەکێتــی لەســەردەمی شــەڕی ناوخــۆدا توندبــوو، رەوتــی ئیســلامیی، بەتایبەتــی یەکگرتــووی ئیســلامی تــازە دامــەزراو، وتــی: خراپــە، خــاوی بکەنــەوە، کــە گــۆڕان دروســت بــوو و بــووە شــەڕی راگەیاندنــی یەکێتیــو گــۆڕان، پارتیــو یەکگرتــوو وتیــان: تونــدە، خــاوی بکەنــەوە.

دوای ســووتاندنی بارەگاکانــی یەکگرتــوو شــەڕی راگەیاندنــی یەکگرتــوو

و پارتـی بـوو، یەکێتیـو گـۆڕان وتیـان: تونـدە، خـاوی بکەنـەوە، کـە ١٧ی شـوبات بـوو، یەکگرتـوو و گـۆڕان توونـد بـوون لەسـەر پارتـی، یەکێتـی وتـی: تونـدە، خـاوی بکەنـەوە، کـە گۆڕانـو پارتـی شـەڕی ڕاگەیاندنیـان کـرد، یەکێتـی وتـی: تونـدە، خـاوی بکەنـەوە، خـوا بـەو ڕۆژە نـەکات کـە یەکێتیـو پارتیـو گۆڕانـو یەکگرتـوو پێکـەوە لەگـەڵ یـەك شـەڕی ڕاگەیانـدن بکـەن، ئـەی کـێ بەکـێ بڵـێ: تونـدە، خـاوی بکەنـەوە؟.

**ژمارە: (٦٨١٤) هەینی و شەممە ٦ -٢٠١٥/١١/٧**

*رۆژنامەکانــی بەغــدا دەســتیان کــردووە بەبڵاوکردنــەوەی دۆســێی گەندەڵییەکانـی حکومەتـی ئیتیحـادی، کـە لای ئەحمـەد چەلەبی سـەرۆکی لیژنــەی پەرلەمانــی پارێــزراو بــوو.

بەڵگـەکان دەریدەخـەن ئـەوەی لـە بەغـدا گـوزەراوە، تاڵانکردنێکـی ئاشــکرابووەو زیتــو زیرەکــو وریایەکــی بــواری دزیــی وەك مەرحــوم چەلەبــی نەبێــت، کــەس پێــی نەزانیــوە.

لــەوە گەڕێــن حکومەتــی بەغــداو پەرلەمانەکــەی هیچیــان نەگوتــووە لەســەر ئــەو بەڵگانــە، بــەڵام ئــەی دەمدرێژەکانــی دوو بــەرەی سیاســی کــوان کــە لــەو دۆســێیەدا قســەیان نییــە:

- بــەرەی پەرلەمانتارانــی شــۆڤێنی وەکــو حەنــان فەتلاویــو عالیــە نسـیف، کـە لەسـەر هـەر گەندەڵییەکـی کوردسـتان رۆمانێـك دەنووسـنو بەتیــراژی زۆر بڵاویدەکەنــەوەو لــەم کەینوبەینــە بەغداییــەدا ســاتیرە چیرۆکێکیشــیان نییــە؟

- بــەرەی دووەم: ئــەو دەمدرێــژە خۆماڵییانــە کــوان، کــە هەمــوو مێشـێکی وڵاتـی خۆیـان دەکـەن بـە گامێشـو لەسـەر ئـەم دیـاردە عیراقییـە قســەیەك نافەرمــوون؟

*لافــاو بەغــدای پایتەختــی عیراقــو چەنــد پارێزگایەکــی لــە تەڕیــو غەفڵەتـی دەوڵەتـدا خنـکان. لافـاوو بـاران هەولێـری پایتەختـی هەرێمـو

چەند شارۆچکەیەکی گەرمیانی رووبەڕووی تەڕایەتیو تەزان کردۆتەوە، لەمەدا هەموومان هاوبەشی چارەنووسین، بەڵام دەفتەرەکانی پێشوو باسی دەوڵەتمەداری وەکو سەعید قەزازمان بۆ دەکەن، کە وەزیری لێوەشاوەی ناوخۆی عیراق بووەو لەپەنجاکانی سەدەی رابردوودا بەغدای لە لافاوو زریانی غەزەب رزگار کرد.

قەزاز، بەکەرەستەی دەوڵەتداری ئەو وەختە کارێکی کرد، ئێستا توندرۆترین عەرەبی عیراق رەحمەتی بۆ دەنێرێت، بەڵام ئەو دەفتەرانە نەبوونە ئەزموون، نە بۆ ئێستای بەغدا کەکاتی خۆی کوردێك لە لافاو رزگاری کردنو نە بۆ کوردستان، کە سەعید قەزاز هەڵکەوتەی خاکی ئەو بوو.

**ژمارە: (٦٨٢٠) هەینی و شەممە ١٣ -٢٠١٥/١١/١٤**

*وێنەکـە سـەرنج راکێشـە کـە ئێمـە قسـە لەسـەر دیموکراسـی و ئازادی بکەیـن، بـەڵام مایکەکانـی بـەردەم کۆنگـرەی رۆژنامەنووسـیی هەمـووی هـی یـەك رەنـگ و یـەك حـزب و چەنـد کەناڵێکـی (سـەربەخۆ)یان بێـت. وێنەکـە فۆتۆیـە و ڤیدیۆیـە، بـۆ ساتە وەختێکـە، بـەڵام گوزارشـتە لـە وێنـە گشـتییەکەی لـە وڵات هەوڵـی چەسـپاندنی دەدرێـت. ئـەو مایکانـە و ئـەو وێنانـە بـە کورتـی کرۆکـی کێشـەکانی کوردسـتان پێکدێنـن.

*ئـەردۆگان پەیتاپەیتـا بزووتنـەوەی خزمـەت قۆڵبەسـت دەکات. هاوپەیمانـی دوێنێـی خڕکردنـەوەی دەنگـەکان لـە یەکـەم ئەزموونـی داد و گەشـە پێدانـداوە بۆتـە دوژمنـی سەرسـەختی ژمـارە یەك. وێنـەی فەتحوڵڵا گویلـەن لەیـەك لاپـەڕەی رۆژنامەکانـی تورکیـادا هاوشـانی وێنـەی مـوراد قەرەیلانـە. گوایـە هەردووکیـان تیرۆریسـتن. بـەوەدا کـە دەزانیـن قەرەیـلان تیرۆریسـت نییـە کەواتـە گویلەنیـش هەروایـە و بوختانـی بـۆ دەکرێـت.

*ئـەم هەفتەیـە شـایەدی کردنـەوەی دوو کەناڵـی تـازە بوویـن لـە ناوچـەی ئـەولا یەکێکیـان کەناڵـی کوردسـتان ٢٤کـە ئامـۆزای رۆژنامـەی باسـە و ئەویتریشـیان (فەرماندەیـی هێزەکانـی خۆرئـاوای دیجلـە). هەردووکیـان تەرخانکـراون بـۆ نوقرچگرتـن لـە یەکێتـی. بەخێـر بێـن بـۆ یانـەی نەیارانـی یەکێتـی.

**ژمارە: (٦٨٢٦) هەینی و شەممە ٢٠ -٢٠١٥/١١/٢١**

*هەفتەیادی سلێمانی بە دەیان بۆنە و ساڵرۆژی تر دەورە درابوو. باوکە دامەزرێنەرەکانی سلێمانی ئەم کاتە سەختەی روو لەزستانیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی نەوەکانیان بە ئیسراحەت یادی خۆیان بکەنەوە، کەچی دەیان عید میلادو بۆنەی تر برستی هەناسەدانی لە خەڵك بڕی. موزاحەمەی شار مەکەن، هێمن وتەنی شوێنی دیکە زۆرە بۆ (گاڵتە و جەفەنگ).

*سەرۆك کۆماری روسیا وتی بەڵگەم هەیە ٤٠ دەوڵەت هاوکاری داعش-یان کردووە و لە بنەوە دنەی دەدەن. ناوی هیچ دەوڵەتێکی نەهێنا بەڵام وتی لە ناویاندا ئەندانی گروپی بیست دەوڵەتەکەش هەیە. جا ئەگەر کەس ٣٩ دەوڵەتەکەی تر نەناسێت چلەمینیان دەناسێت کە بیستەمین ئەندامی گروپی بیستە. ڤلادیمێر پوتین ناوەکەی نەوت، بەڵام لە مەتبەخ بێ، چاوی شین بێ و سپڵە و بێ بار بێ حەتمەن (خواو بێ ئەمیاوێنێ).

*هەواڵەکان دەڵێن پاڵێوراوانی سەرۆکایەتی لە ئەمریکا وەعدی زەرد و سوور بە کورد و کوردستان دەدەن و هەشن لە کوردستان کیسەی بۆ دەدورنەوە. وادەبینین مستەر جۆزیف بایەن دوو خولی جێگرایەتی سەرۆك ئۆبامای تێپەڕاند و هیچی لە پرۆژەی بایدن جێبەجێ نەکرد، ئێستا هیوا لەسەر قەوڵ و بەڵێنی دەمی پاڵێوراوێتی تازەکان هەڵچنین.؟

قسـه ناچێتـه گیرفانـەوە وجێـی بـۆ مەعاشـی و بـۆ ئاسـۆیی سیاسـیی ناگرێتـەوە.

**ژمارە: (٦٨٣٢) هەینی و شەممە ٢٧ -٢٠١٥/١١/٢٨**

*ئەمـەش جۆرێکـە لەتوندوتیژیـو پێشـێلی مافـەکان کە بۆنـەو یادەکانی بەرپەرچدانـەوەی توندوتیـژی دژی ژنـان لەئوتێلـە راقییـەکان دەکرێـت، خـۆ توندوتیـژی هـەر بەرامبـەر ژنـی خواپێـداو ناکرێـت کـە هۆڵـی ئوتێلـە راقییەکانیـان بـۆ تەرخـان دەکرێـت، توندوتیـژی لەگەڕەکـە هـەژارەکان، لەشـارۆچکەو گونـدە دوورە دەسـتەکان دژی ژنانـی بێدەرەتانیـش دەکرێـت، یـان راسـتتر بڵێیـن لـەوان زیاتـر دەقەومێـت.

*حکومەتـی تورکیـا فۆبیـای تیـرۆری پەکەکـەی گرتـووە، هەمـوو شـتێك بەڕبـەی پەکەکـە دەپێـوێ، دەڵـێ PKK وەك داعـش خەتـەرە، ئێسـتا دەڵـێ: رژێمـی ئەسـەدیش خەتـەرە وەکـو داعـش، یـان خەتـەری ئەسـەد لەداعـش کەمـتر نییـە.

نابـێ کـەس لـەم بـەراوردە بـێ تاقـەت بێـت، بەڵکـو داوا لەئـەردۆگان بکـەن کـە چەنـدە شـەڕی PKKو ئەسـەدت کـردووە، هـەر ئەوەنـدەش شـەڕی داعـش بکـە، ئێسـتا لەناودەچـوو.

*ئەوانـەی کیسـەیان دووریوەتـەوە بـۆ لێدانـی تورکیـا لەلایـەن روسـیاوە و ئەوانـەش خواخوایانـە روسـیا لەتورکیـا بـدات تـا ناتـۆ لەڕوسـیاو هاوپەیمانەکانـی بـدات، بەهەڵە لەپڕۆسـەکە گەیشـتوون، دۆخـی ناوچەکەو جەمسـەرگیری هێـزەکان زۆر لـەوە ئاڵۆزتـرە بـەم جـۆرە سـەیری ململانێکان بکرێـت، ئەمـە خەیاڵێکـی کلاسـیکییە لەسـەر وێنـە ئاڵۆزکاوەکـە.

**ژمارە: (٦٨٣٨) هەینی و شەممە ٤ -٢٠١٥/١١/٥**

*ئـەو قسـەیە راسـتە کـە عیـراق وەزعـی شـلۆقو لەدابەشـبوی، دابـڕاوی دوابــڕاو دەچێــت هــی ئەوەنــدە نییــە سیاســەتی لەســەرو لەبــارەوە هەڵبچنرێــت، بــەڵام ئەوانــەی ئــەو راســتییە دەڵێــن خۆیــان لەڕاســتی شــلۆقیو دابەشــبوویو پەرتبوونــی کوردســتان نەبــان دەکــەن. لەڕاســتیدا بەغـداو کوردسـتان کێبەرکـێ دەکـەن لەڕەوشـی خراپیـدا لەبـواری ئابووریو سیاسـیو سـیادەو تەکبیـری رۆژانـەدا.

لەجیاتـی ئـەوەی بەغـدا گاڵتـە بـە کوردسـتان بـکاو کوردسـتانیش قاقـا بـە بەغـدا پێبکەنێـت، چاکـترە هـەردوولا سـەیرێکی خۆیـان بکەنـو بـۆ حاڵـی خۆیـان، نـەك بـۆ حاڵـی یەکـتری، بگریـن.

*سیاسـەت لـە کوردسـتان وای لێهاتـووە سـەرۆکی پەرلەمانی کوردسـتان دەتوانێـت سـەردانی هەمـوو پایتەختەکانـی دونیـا بـکات تەنیـا پایتەختـی وڵاتەکـەی خـۆی نەبێـت، دەتوانێـت لـە هەمـوو پەرلەمانێـك پەیڤیـن بــکاو لێــدوان بــدات، تەنهــا لەســەکۆی پەرلەمانەکــەی خــۆی نەبێــت. ئەمـە بەشـی زۆری تەدبیـری ئەقـدارو نەیـارە، بـەڵام بەشێکیشـی تەگبیـری هەڵـەی یـاری دیـارە.

*(شـەڕ بـە کۆنـە قیـن دەکرێـت) پەندێکـی کوردییـە، بـەڵام بـۆ حاڵـی روسـیا لەهەمبـەر تورکیـا دەسـت دەدات. ئەوەتـا ڤلادیمێر پوتین سـەرۆکی روسـیا دەڵـێ: قـەت لەبیرمـان ناچـێ تورکیـا داڵـدەی ئـەو تیرۆریسـتانەی دا کـە لەباکـوری قەوقـاز شـەڕیان دەکـرد. شـوێنی بـۆ دابینکردنـو یارمەتـی

مەعنەویو ماددی دان. هەرگیز ئەو پشتیوانیەیان بۆ تیرۆریستان لەبیر ناکرێت.

تومەز کاکم ئەم داخەی لە زووەوە لە دڵدایەو ئێستا دەیڕێژێت.

**ژمارە: (٦٨٤٤) هەینی و شەممە ١١ -٢٠١٥/١١/١٢**

*خەبـەرەكان ئێـژن وەزیـری دیفاعـی عیـراق نەچۆتـە كۆبوونـەوەی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عیـراق كـە لەسـەر هاتنـی سـوپای توركیـا بـوو، هـەن دەڵێـن وەزیـر خالـد عوبێـدی چونكـە سـوننەیە نەیویسـتووە لـەم جەمسـەرگیرییە ئیقلیمییـەدا خـۆی ئیحـراج بكاتـو قسـە لەسـەر توركیـا بـكات، هەشـن دەڵێـن وەزیرێـك دیفاعـی لەسـەر خـۆی پـێ نەكرێـت، ئیتر وەزیـری كام دیفاعـو كام عیـراق دەبێـت؟.

*دەڵێـن گوایـە عیـراق لـە یوئێنـو لەناتـۆو یەكێتـی ئەوروپـا شـكات لەحكومەتـی توركیـا دەكات، ئـەوەش بەڵگـەی ئەوەیـە ئـەو وڵاتـە نەیتوانیـوە لەڕێـی كەناڵـە دیپلۆماسییەكانەوە ئـەو كێشـەیە لەگـەڵ توركیـا چارەسـەر بـكات. ئـەدی ئـەو هەمـوو بەلاغـەو رەوانبێژییـەی جەعفـەری چـی لێهـات كـە مێشـكی ئـەو خەڵكـەی بەحیـوار و دیالـۆگ بـردووە؟ كابـرا ئەمەشـی پـێ نەكـرا، وەكـو لەسـەروەختی سـەرۆك وەزیرانـی خۆیشـیدا هیچـی پـێ نەكـرا؟.

*هێشـتا تەقـەی خۆشـیان لـەم كوردسـتانەی شـەڕی داعـش دەكات، نەكـردووە، كەچـی دەڵێـت هێـزی چەكـدار پێـك دێنیـن! پێشـتر دەیانگـوت هێـزی چەكـدار خراپـەو میلیشـیایە، ئێسـتاش بـەم داوایـە دەڵێـن ئێمـەش ئیـتر بەشـداری لـەو خراپییـەدا دەكەیـن.... چاكـی چـاك كـرد، چاكیـان گۆڕی!

**ژمارە: (٦٨٥٠) هەینی و شەممە ١٨ -٢٠١٥/١١/١٩**

*لـه هەولێـر رۆژنامەيـەك دەردەچێـت ئەگـەر خەڵكـی تـر نەنووسـن ئـەوان بابەتيـان نابێـت بـۆ نووسـين، چونكـە بەشـی زۆری بابەتەكانيـان رەد فيعلـی نووسـينی خەڵكـی تـرن. ئەگـەر خەڵكـی تـر نەنووسـن، ئـەوان نازانـن بنووسـن.

نـاوی رۆژنامەكـە نابەيـن نـەكا ببـێ بەچـاوەوە، بـەڵام ئەگـەر ناويـان گۆڕيـو ناوەڕۆكـی هەروەكـو ئێسـتا مايـەوە، پێشـنياز دەكەيـن نـاوی بنرێـت رۆژنامـەی (رەدولفيعـل).

*لـە پەنـا خەبـەری ئاريشـەكانی سـعوديەوە دەڵێيـن: داعـش بەرهەمی چييـە؟ داعـش بەرهەمـی تێكەڵبوونـی رەفتـاری بەدەويـو ئايدۆلۆژيـای ئيخوانـە. ئەمەيـان نـاو نـاوە وەهابييـەت. بـەس خـۆی لەئەسـڵدا هـەر وەهابييـەت بـەڵای سـەری سـعوديە نييـە. بەڵكـو ئـەو خەڵتـە تازەيـەش بۆتـە بـەڵای سـەربار.

ئيخـوان لـە شـار بێـت نەرمـە، بەدويـەك لـە سـەحرا بێـت جوامێـرە، بەڵام ئيخوانـو بەدويـەك تێكـەڵ بـن داعشـی لـێ بەرهـەم دێـت. كەسـێك بـاوەڕ بـەم شرۆڤەيـە نـاكات بـا سـەيری تەنگژەكـەی ئێسـتای سـعوديە بـكات. وەهابييەتـو ئيخوانـو بەدويەتـی پێكـەوە گرێـداوە بۆيـە كارەسـات قەومـاوە.

**ژمارە: (٦٨٦٧) هەينی و شەممە ٨ -٢٠١٦/١/٩**

# باج

٩٥٠٠ کۆمپانیا باج نادەنە حکومەت کەزۆربەیان بەرپرسیان لەپشتە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە بەرپرسەکان پارە نادەنە حکومەتەکەی خۆشیان و گلەییش دەکەن کە خەڵک بۆ نارازییەو بەتەمای خۆپیشاندانن.

ئێ خۆ ئەگەر باجیان بدایەو ئێستاش بیدەن هەم حکومەت دەپارێزن و هەم خۆشیان پایەداردەبن بەو حکومەتەوە، یانی چاوەڕێن هاووڵاتی بێموچە لەجیاتی ئەوان ئەو باجەش بدات وەکو چەندین ساڵە باجی رەوشەکە دەدەن؟

*جۆ بایدن ئاماژەی بەوەدا PKK تیرۆریستەو لەولاشەوە پشتیوانی PYD دەکەن مانای وایە ئەمریکا گۆشتەکە ناخوات، بەڵام حەزی لەشۆربای گۆشتە. ئەوەی لەگەرمیان و کەرکوک پێیدەڵێن مرخاو کەوابێ بایدن گۆشتەکەی حەرامەو مرخی لە مرخاوەکە خۆشکردوە.

**ژمارە: (٦٨٨٤) هەینی و شەممە ٢٩ -٢٠١٦/١/٣٠**

*فانیلەکـەی میسـی حەیـای بردیـن، پێشـبڕکێ بـوو لەنێـوان میدیـای جیهـان و میدیـای کوردسـتاندا، یـان بەشـێکی میدیـای کوردسـتاندا. هەموو دەڵێـن فانیلـە لەبەرەکـە میسـییەکی ئەفغانییـە، کەچـی هەندێـک کـورد لـە هەندێـک میدیـاوە هـەر دەڵێـن فانیلـە لەبـەر کـوردەو دەبـێ میسـی ئـەو کـوردە ببینێـت نـەک ژمـارە دەی ئەفغانـی.

ئاخـر ئەترسـم دیبلۆماسـی نێودەوڵەتیشـمان هەروابێـت. بەتەمـای شـتی گـەورە بوویـن، کەچـی لەگـەڵ ئەفغـان ململانێمانـە؟ باشـە میسـی چـی دەبەخشـێتە فانیلـە لەبـەری منـداڵ تاوەکـو ئێمـە هـەر سـووربین لەسـەر بەکوردکردنـی منداڵـی خەڵـک؟

*لەماڵـی خۆمـان بێـت یـان لـە ماڵـی خۆتـان لـە لـق بێـت یـان لـە گردەکـە. لـە ماڵـی کاک نێچیرڤـان بێـت یـان لەماڵـی کاک نەوشـیروان. بـا عەباسـی گوڵچیـن بێـت و ببڕێتـەوە. بـا کۆبوونەوەکـە ببێـت و ئاشـتی بەرقـەرار بێـت کـەی کێشـەیە چـا دەخۆنـەوە یـان ماسـتاوی پـڕ لـە قـەزوان؟

**ژمارە: (٦٨٩٠) هەینی و شەممە ٥ -٢٠١٦/٢/٦**

# کامێتی؟

*سـەرکۆماری تورکیـا ئـەردۆگان داوا لـە ئەمریـکا دەکات کـە لەنێـوان تورکیـاو یەپەگـەدا یەکێکیـان هەڵبژێـرێ. سـەرۆك وەزیـران ئەحمـەد داود ئۆغڵـوش دەڵـێ قبوڵـمان نییـە لەگـەڵ ئـەو تیرۆریسـتانەدا بـە یەکسـانی رامانگـرن. یانـی لێـرە روون نییـە سـەرۆك وەزیـران دژی سـەرۆك کۆمـارە، یاخـود مەسـەلە شـڵەژانی سیاسـییە کـە شـڵەژانی خیتابـی میدیایـی لـێ کەوتۆتـەوە؟

*سـەرۆك وەزیرانـی عیـراق لـە غەفڵەتێکـی زەمەنـدا حکومەتەکـەی خـۆی راگەیانـد داعـش موسـڵی گرتبـوو، عیراقییەکانـو دونیـاش لـە مالکـی بێزاربـوون، وتیـان بزانیـن ئـەم عەبادییـە چـی دەکات؟ جارێکـی تـر لەبـەر خۆپیشـاندانی دژە گەندەڵـی دەرفەتـی بـۆ لـوا چاکسـازی رابگەیەنێتـو رۆڵ بگێڕێـت. کەچـی بـاوەڕی بـەم رۆڵـەی خـۆی کـردووەو تەنانـەت لەسـەر کوردسـتانیش قسـە دەکات. کوردسـتان سیاسـەتی هەڵـەی هەیـەو بـێ گومـان بـێ کەموکوڕیـش نییـە، بـەڵام بێگومـان سیاسـەتی حکومەتـی مەرکەزیـش رۆڵـی خراپـی هەیـە لـە تەنگژەکانـی کوردسـتاندا.

حکومەتـی عەبـادی گەرەکێتـی لەڕێـی گوشـاری ئابوورییەوە سیاسـەتی هەرێـم بگۆڕێـت. ئـەوە گۆڕیـن نییـە، ئـەوە ملکـەچ پێکردنـە.

*لەکوردسـتان راگەیاندنێکـی شـەعبەوی هەیـە کـە مێشـێك دەکات بـە گامێشـێك و بـە هـەر خاڵێکـەوە گرتـی نایبڕێتـەوە، تـا خـۆی یـان بەرامبەرەکـەی کـۆڵ دەدات، راگەیاندنێکـی تریشـمان هەیـە جۆرێـك لـە

ئیرهابـی فیکریـو سیاسـی پەیـڕەو دەکات کـە هـەر بیروڕایەکـی جیـاواز، هـەر بانگەوازێـك بـۆ گفتوگـۆی شـێنەیی وەکـو خیانەتـو ناپاکـی لـە قەڵـەم دەدا. کوردسـتان پێویسـتی بـە راگەیاندنێکـە ئـەم دراوە قەڵبـەی دوو دیوی یـەك دراو پێکدێنـن، لەقـاو بـدات.

**ژمارە: (٦٩٠٢) هەینی و شەممە ١٩ -٢٠/٢/٢٠١٦**

*دامودەزگای پڕوپاگەندەی دەوڵەتی تورکیا دراماو چیرۆکی درۆ و دەلەسە لەسەر ژیانی کوردەواری لە باکوور دەهۆننەوە و وەکو زنجیرە درامای دژە کورد دەرخواردی خەڵکی دەدەن. کەچی تەلەفزیۆنەکانی کەنداوی عەرەبی ئەم دراما درۆ و دەلەسانە تەرجەمە دەکەن و نیشانی عەرەب و عەجەمی دەدەن. لە خوتو خۆرایی دەبنە بەشێک لە ئامێری پڕوپاگەندەی دەوڵەتی تورک لە دژی کوردی تورکیا بێ ئەوەی کوردی تورکیا هیچ زیانیکیان بۆ عەرەب هەبێت، تەنانەت وەکو کوردی عیراقیش نین کە کێشەیان لەگەڵ عەرەبی عیراق هەیە. ئێستاش دەڵێن وەک تەواوکاری ئەو دوژمنایەتیە خوتوخۆڕاییە سعودیە کەوتۆتە سەنگەر دژی پەیەدەو یەپەگەو لەگەڵ سیاسەتی تورکیا کلکی گرێ داوە.

*دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند ئامادەی دانووستاندنن لەگەڵ حکومەتی عەبادی، عەبادی خۆی لێ بێدەنگ کردو و جوابی نەدایەوە داخۆ نەخشە رێگەی چییە بۆ جێبەجێکردنی پێشنیازەکانی بۆ کوردستان؟ ئەم هەڵوێستەش راستی ئەو دیدە کوردستانیە دەسەلمێنێت کە پێی وایە قسەکانی عەبادی هەر هی میدیا بوون و بۆ چەلەحانیی تەلەفزیۆنی بووە و هیچی تر.

*شێوەی شڵەژانی بایکۆتەکانی دامودەزگاکان لە کوردستان بەڵگەی ناشی بوونی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییە کە ناتوانێ

بڕیـاری گونجـاو بـۆ توێـژ و گروپەکانـی ئەـوان نوێنەرایەتـی دەکەـن، بدەـن. بنمێچـی بەـرزی داواکاری و پاشـان دوو کەرتبوونـی هەڵوێسـتی ڕێکخراوەـکان و توێژەکانیـان نیشـانەی ئەـم ناشـی بوونەوەیـە. نوینەرایەتـی ئەـو ڕێکخراوانـە ترۆپکـی ئەـو شـڵەژانەن کـە پێویسـتی بـە چاکسـازی هەیـە وەکـو چـۆن حکومەـت پێویسـتی بـە چاکسـازییە.

**ژمارە: (٦٩٠٨) هەینی و شەممە ٢٦ -٢٠١٦/٢/٢٧**

*حکومەتـی تەکنۆکـرات ناوێکـی تـرە بـۆ خۆ مژول کـردن لـە عیراقدا، لە ئەسڵدا حکومەتایەتـی شـتێکی باشـەو تەکنۆکراتیـش هەروەتـر، بـەڵام ئـەم دووانـە کـە پێکـەوە دەبـن لـە عیراقـدا دەبنـە ناونیشـان بـۆ خـۆ غافڵکردنـو کات بەسـەربردنو کات کەسـبکردن داخـۆ تەمەنـی پرۆسـە سیاسـییەکە درێـژ بکرێتـەوە بـێ ئـەوەی سـەری کەسـی تێدا بشـکێت لـە عیـراق، وەك لـە کوردسـتان. هەمـوو داوای چاکسـازی دەکات بـە مانـای مانـەوەی خۆیـو پاکسـازیکردنی دراوسـێکەی تەنیشـتییەوە. ئەمـەش سـەرەکیترین هـۆکاری تەنگژەکـەی ئەورۆیـە کـە ئەمـڕۆ لـە حکومەتـی تەکنۆکراتـدا خـۆی دەبینێو خـوا کەریمـە سبەی چـی ناوێکـی لـێ دەنرێـت.

*حکومەتـی هەرێـم وتەبێژەکـەی خـۆی لابـرد. لـە حاڵەتـی شـێنەییو لـە حاڵەتـی تەنگژەشـدا لابـردن ئاسـاییەو نۆرماڵـە. لـە حاڵەتـی شـێنەییدا ئەمـە گۆڕانکارییەکـی وەزیفییـە لـە دەسـەڵاتی حکومەتدایـە. لـە حاڵەتـی تەنگژەشـدا هـەر لـە دەسـتی حکومەتدایـە، بـەڵام دەسـتی تریـش هەیـە لـە پشـتەوە دەڵێـت ئەمـە بکـە بـۆ ئـەوەی گۆڕانێـك هەبـێ.

لابردنـی وتەبێـژ هـەر سـەبەبێکی هەبـێ ئـەو پرسـیارەی بـێ وەڵام هێشـتۆتەوە خەتـای وتەبێـژە یـان خەتـای وتەکـەی. کێشـە لـە گەیەنـەری پەیامەکەیـە یـان لـە خـودی پەیامەکـە؟ وتەبێژیـش نەمـاوە ئەمـە بـۆ خەڵـك روون بکاتـەوە!

**ژمارە: (٦٩١٤) هەینی و شەممە ٤ -٢٠١٦/٣/٥**

*وردبینێکــی نێودەوڵەتــی راپۆرتێکــی لەســەر وەزارەتــی نــەوت و ئاوەدانکردنــەوەی عیــراق نووســیوە کــە ئێــژێ ئــەم دوو وەزارەتــە لــە مــاوەی چەنــد ســاڵی رابــردوودا ملیۆنــان دۆلاریــان بــە هــەدەر داوە.

وردبینەرانــی نێودەوڵەتــی کــە بــۆ وردبینکردنــی خەرجــی وەزارەتەکانی عیــراق لــە ســاڵی ٢٠١٤ هاتبــوون. چەندیــن نموونەیــان لەســەر بەفیرۆدانــی ســامانی گشــتی لــە وەزارەتــی نــەوت هێناوەتــەوە. کــە بــە گوێــرەی بەروارەکــە بێــت ئــەم دۆســێیە شانوشــەوکەتی حســین شەهرســتانی وەزیــری نەوتــی حکومەتەکــەی مالکــی دەگرێتــەوە.

ئەوەی سەرنج رادەکێشێت ئەوەیە:

-شەهرســتانی عەرابــی هاتــوو هــاواری پاراســتنی نەوتــی عیراقــە لــە دژی هەرێمــی کوردســتان، گوایــە کوردســتان بــە سیاســەتی نەوتــی خــۆی هەڵــە دەکا و نەوتــی عیــراق بەفیــرۆ دەدات.

-حکومەتەکــەی مالکــی خــۆی بــە حکومەتــی دەوڵەتــی قانــوون دەزانێ گوایــە کوردســتان لــەو قانوونــە لایــداوە، کەچــی ئــەوە خۆیــان ئــاوا وڵاتیــان بەرێوە بــردووە!

باشــە ئەمانــە خۆیــان ئــاوا وڵاتیــان بــردووە بەرێــوە، ئیــتر بۆچــی گلەییــان لــە کوردســتان هەبــووە؟ بەشــیان نــەدراوە لــە گەندەڵــی، یــان هــەر گیانــە شــۆڤێنییەکەیە گێچــی ســەردەخا؟

*رەوتــی ســەدر خۆپیشــاندانی ملیۆنــی لــە بەغــدا کــردووە، لەولاشــەوە

جێگـری سـەرۆك وەزیرانەكـەی لەسـەر دۆسـێی گەندەڵـی بانگكـراوە. ڕاسـتە ڕەوتـی سـەدر خـۆی تەبـەرا كـرد لـە بەهـا ئەعرەجـی. بـەڵام هێشـتا سـاغ نەبۆتـەوە كـە ئـەو تەبەراكردنـە تـا كـوێ دەڕوا؟

ئەگـەر ئەعرەجـی قسـەی كـرد و گوتـی بەشـێك لـە پـارەكان بـۆ خێـر و سـەدەقە تەرخـان كـراوە؟

**ژمارە: (٦٩٢٠) هەینی و شەممە ١١ -٢٠١٦/٣/١٢**

*لەوەدەچێــت ئاگربەســت لــە ســوریا هــەر دەرفــەت نەبێــت بــۆ شــەڕ راوەســتانو دۆزینــەوەی رێگەچــارەی ئاشــتیانە، یــان تەنانــەت هــەر دەرفەتێــك نەبێــت بــۆ گواســتنەوەی تەرمــی قوربانییــەکان. بەڵکــو ئاگربەســت بۆتــە دەرفەتێکیــش تــا هەمــوو لایەنــەکان بکەونــە گفتوگــۆ لەســەر چارەســەری ریشــەیی دۆخــی ســوریا. ئیــتر ئێســتا قســە لەســەر ئەوەنییــە ئەســەد بــڕوات یــان حکومەتەکــەی لەنێــوان رژێمــو ئۆپۆزســیۆندا دابــەش بکرێــت. بەڵکــو ئێســتا قســە لەســەر دابەشــکردنی ســوریا دەکرێــت. یــان بەســەر چەنــد فیدرالێکــدا یــان دابەشــکردنێکی یەکجارەکی. نووســینێکی جایمــس ســتافریدس لــە فۆریــن پۆلیســی مــوژدەی ئــەوە دەداتــو چەندیــن راپۆرتــی تریــش لەوبارەیــەوە بڵاوبوونەتــەوە.

*کاتــی تەنگــژە سیاســییە قوڵــەکان، لێقەومانــو پرســە رۆڵ دەگێــڕن لەچارەســەرکردنی کێشــەو لــە خاوکردنــەوەی گرژییەکانــدا. ئەمــە زۆرجــار لــە تورکیــا دەقەومێــت. ئــەم هەفتەیــە ســەرۆکی روســیا سەرەخۆشــی لــە تورکیــا کــرد بەبۆنــەی تەقینەوەکــەی ئەنقــەرەوە. ئەگەرچــی لەگــەڵ ئــەردۆگان تەلەفۆنــی نەکــرد، بــەڵام تورکــەکان ئــەم سەرەخۆشــییەیان پــێ خــۆش بــوو. دوو ســاڵ پێــش ئێســتا کــە ئــەردۆگان لــە بەشــار ئەســەد توڕەو پەســت بــوو، وەفاتــی دایکــی بــووە دەرفەتێــك تاوەکو بەشــار سەرەخۆشــی بــۆ بنێرنــو کەمێــك لــەو گرژییــە خــاو ببێتــەوە. ســەرەتای ئاســاییکردنەوەی پەیوەنــدی یۆنانــو تورکیــاش هــەر لەرێــی قەومانــو پرســەوە روویــدا.

سـەرەتای سـاڵانی نـەوەد، لەسـەدەی رابـردوودا، کـە بومەلـەرزە لـە تورکیـا روویـدا، تیمەکانـی یۆنـان لـە پێـش ئیسرائیلـو وڵاتانـی تـرەوە لـەوێ بـوون، ئـەم دەستپێشـخەرییە بووەمایەی دەسـتپێکردنی دانووسـتانی دۆسـتایەتی. رەنگـە ئـەوەی روسـیاش هـەروای لـێ بێـت.

**ژمارە: (٦٩٢٦) هەینی و شەممە ١٨ -٢٠١٦/٣/١٩**

*لـە کوردەکـە دەپرسـی کاکـە نـاوت نەهاتۆتـەوە بـۆ وەزیـری لـە کابینـەی ئاغـای سـەدری؟ جوایەکـەی لـە مانگرتنەکـەی سـەدر سـەیرترە! باشـە ئـەدی ئـەم پاڵێوراوانـە هـەر ئەوانـە نەبـوون لـە بـن باڵـی حزبەکانی خۆمانـەوە بـوون بـە کارەکتـەر؟ خەتـای ئەمـان نییـە، خەتـای ئەوانەیـە کاتـی خـۆی ئەمانەیـان کـردە کارەکتـەر بەسـەر سـەدان تێکۆشـەری ئـەم وڵاتـەوە.

*گـی دی مۆپاسـانی ئەدیـب دەربڕینێکـی هەیـە کـە دەڵـێ: فەرەنسـییەکان بەهـار هـات وریـای دڵـداری بـن. بـەو ئیعتیبـارەی بەهـار کەشـوهەوای ئەڤینـو خۆشەویسـتیو تێکەوتنـی رۆمانسـی گـەورە دەکـەن. ئەمـە لـە کوردسـتان دەبـێ وابێـت کـە بڵێیـن: کوردسـتانییان لـە بەهـاردا وریـای جۆرەکانـی موزایـەدەی سیاسـیی بـن، هەمـوو سـاڵێك کەشـی بەهـار سـۆزو هەسـتی موزایـەدەکان بەرزتـر دەکاتـەوە.

**ژمارە: (٦٩٣٤) هەینی و شەممە ١ -٢/٤/٢٠١٦**

*ئـەوەی چاڵــی تەکنۆکـرات بــۆ هــاورێ و هاوپەیمانــی خــۆی هەڵکەنــێ ســەرەنجام خۆشــی تێدەکــەوێ. عەبـادی بەزمــی تەکنۆکراتــی هێنایـە نێوانـەوە. وەك تۆپەڵـە بەفـر کـە لـە شـاخەوە هەڵـدەدرێ باسـی تەکنۆکـرات هـەر گـەورە دەبـێ. نهـا دەگوترێ عەبـادی خۆشـی تەکنۆکرات نییـە و گەرەکـە بگـۆڕێ. ئـەم قسـە هـی ئێمـە نییـە، هـی ئەنجومەنـی بـاڵای شۆرشـی ئیسـلامییە کـە داوای کـردووە: گۆڕانـکاری گشـتگیر بێـت و خـودی عەبـادی -یـش بگرێتـەوە.

*لــە کوردســتان سیاســەت و دیموکراســی و ململانــێ ســڕ کــراوە، حزبــەکان مەگــەر لەســەر رەوشــی بەغــدا یەکــتری ببینــن و کۆبوونــەوە بکــەن. لەســەر دۆخــی کوردســتان هیــچ قســەیەك نییــە جگــە لــە موشــەکەکانی لــە میدیاکانــەوە تێدەگیرێــن. حزبــەکان بــۆ بەغــدا بــە خەمـترن. خـوا بـکا دۆخـی شـڵەژاوی بەغـدا زۆر بخایەنـێ تـا کـورد هـەر یەکــتری ببینــن و کــۆ ببنــەوە.

کۆك بوون لەسەر بەغدا لەهیچ باشترە. لەشەڕو ناکۆکی باشترە

**ژمارە: (٦٩٤٠) هەینی و شەممە ٨ -٢٠١٦/٤/٩**

# تەکنۆ فراکسیۆن

*جوانتریــن وەســف بــۆ پێکهاتــەی حکومەتــی عەبــادی ئەوەیــە کــە رۆژنامەیەکــی بەغــدادی نووســی، رۆژنامــەی مــەشرق نــاوی نــاوە حکومەتــی تەکنــۆ کوتەلــە. یانــی تەکنۆکراتــی کوتلــەکان، ئــەم ناونیشــانە جوانتریــن گوزارشــتە لەســەر چارەســەری مامناوەنــدی دۆخــی حکومەتــی داهاتــوو، حکومەتەکــە بەدڵــی عەبــادی دەبێــت کــە تەکنۆکــرات بێــت، هەروەهــا بەدڵــی کوتلەکانــی پەرلەمانیــش دەبێــت بــەو مانایــەی هــەر کوتلەیــەو خــۆی تەکنۆکراتەکانــی خــۆی دیــاری دەکات.

## «باس»ی یەکێتی

*رۆژنامــەی «بــاس»ی ســەر بەخۆیــان ئەمــە دوو هەفتەیــە درۆ لەســەر پەیوەنــدی یەکێتیــو تورکیــا بڵاودەکاتــەوە، جــاری پێشــوو گوتــی تورکیــا لەڕاگەیاندنــی یەکێتــی ناڕازییــە، ئێســتا دەڵــێ لەپەیوەندییەکانــی یەکێتیــو پەکەکــە و حەشــدی شــەعبی ناڕازییــە.

رۆژنامــەی بــاس لەڕوانگــەی تەکنۆکراتەکانــی ئــەولا لێکدانــەوە بــۆ پەیوەنــدی دەکات. چونکــە خۆیــان کــە « بــاس» ســەربەخۆیی لەوانــەوە بەدەســتهێناوە وا ســەیری پەیوەنــدی دەکــەن کــە پاشــکۆیەتی بێــت، پێیــان وایــە یەکێتیــش وەکــو ئــەوان دەترســێ، وەکــو ئــەوان کــە چــووە هاوپەیمانییــەوە ســەربەخۆیی خــۆی لەدەســت دەدات، «بــاس» وا دەزانــێ

یەکێتی شەو خەوی لێ ناکەوێت ئەگەر دراوسێیەك لێی ناڕازی بێت.

یەکێتی بۆ کوردستان دروست بووە، چی هەقی بەوەیە ئاغا ئیقلیمییەکانی «باس» چی لەسەر دەڵێن؟.

**ژمارە: (٦٩٤٦) هەینی و شەممە ١٥ -٢٠١٦/٤/١٦**

*ئـەوەی چاڵـی تەکنۆکـرات بـۆ هـاورێ و هاوپەیمانـی خـۆی هەڵکەنـێ سـەرەنجام خۆشـی تێدەکـەوێ. عەبـادی بەزمـی تەکنۆکراتـی هێنایـە نێوانـەوە. وەك تۆپەڵـە بەفـر کـە لـە شـاخەوە هەڵـدەدرێ باسـی تەکنۆکـرات هـەر گـەورە دەبـێ. نها دەگوترێ عەبـادی خۆشـی تەکنۆکرات نییـە و گەرەکـە بگـۆڕێ. ئـەم قسـە هـی ئێمـە نییـە، هـی ئەنجومەنـی بـاڵای شۆڕشـی ئیسـلامییە کـە داوای کـردووە: گۆڕانـکاری گشـتگیر بێـت و خـودی عەبـادی -یـش بگرێتـەوە.

*لـە کوردسـتان سیاسـەت و دیموکراسـی و ململانـێ سـڕ کـراوە، حزبـەکان مەگـەر لەسـەر ڕەوشـی بەغـدا یەکـتری ببینـن و کۆبوونـەوە بکـەن. لەسـەر دۆخـی کوردسـتان هیـچ قسـەیەك نییـە جگـە لـە موشـەکەکانی لـە میدیاکانـەوە تێدەگیرێـن. حزبـەکان بـۆ بەغـدا بـە خەمـترن. خـوا بـکا دۆخـی شـڵەژاوی بەغـدا زۆر بخایەنـێ تـا کـورد هـەر یەکـتری ببینـن و کـۆ ببنـەوە.

کۆك بوون لەسەر بەغدا لەهیچ باشترە. لەشەڕو ناکۆکی باشترە

**ژمارە: (٦٩٤٠) هەینی و شەممە ٨ -٢٠١٦/٤/٩**

دیـاردەی سـەیر لـە کوردسـتان ئەوەیـە میدیاکەمـان لێدوانـی بەرپـرس و کارەکتـەرە شـۆڤێنییەکان دەکاتـە فاکتـی ڕاسـتەقینە و وەکـو ڕاسـتی موتڵـەق مامەڵـەی لەگـەڵ دەکات. قەینـا گوێمـان باوەڕتـان بـە نوێنەرەکانـی خۆتـان لـە بەغـدا نەبێـت، چونکـە سیاسـەتی کـوردی لـە پاشەکشـێ دایـە، بـەڵام بـۆ دەبـێ بێ بـاوەڕی لـە هـی خۆمـان سـەر بکێشـێ بـۆ بـاوەڕی موتڵـەق بـە قسـەی نەیـاران؟

*لـە هەرێمـی کوردسـتان هێـزەکان لەسـەر هەمـوو شـتێك ناکۆکـن لەگـەڵ یەکـتری، لـە بەغـدا وا کـۆك و هاوهەڵوێسـتن کـە لەسـەر لاساری ئەندامەکانیـش یـەك کاردانـەوە دەنوێنـن. لـە هەرێـم ناکـۆك و لەبەغـدا تەبـا. بـۆ هێڵـی ناوەڕاسـت کـە ناوچـە دابڕاوەکانـە سیاسـەتی شـلەتێن ڕەچـاو بکـەن نـە تونـد و نـە تـرازاو!

*یەکێتـی و پارتـی بەیاننامـەی هاوبـەش دەردەکـەن و سیاسـەتیان لـە ئاسـتی عیراقـدا یـەك دەخـەن، کـە تـا دوا چانس لەگـەڵ بەغـدا هەڵبکـەن و دوای ئەوەش پێکـەوە لـە عیـراق تەوەلـلا بـن ئەگـەر بەغـدا ویسـتی کـوردی نەسـەلماند.

کەچـی کاکـی دڵسـۆزی سیاسـەتی تەنگبیـن هـەر بـە لاسـاری دڵـی ئـاو دەخواتـەوە. ڕۆژنامەکـەی کـردووە بـە بـازاڕی شـێخووڵڵا و فەیسبووکەکەشـی بـۆ ئەدەبیاتـی سـەر دیـوار و ئاودەسـتەکان باشـن، چونکـە بۆنـی ڕشـانەوەی لـێ دێـت.

**ژمارە: (٦٩٥٢) هەینی و شەممە ٢٢ -٢٣/٤/٢٠١٦**

# میراتی باوکێتی

فالـح خزعەلـی لـە ناوەکەیـدا دیـارە کـە هـاوکاری جهادیـی سـەیدی شــوهەدایە و پەرلەمانتاریشــە لــە بەشــی بــەسرە، لێدوانــی خــۆش و ســەمەرەی داوە، دەڵـێ هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان چـەك و تفاقـی رژێمـی سـەددام حسێنی لایـە کـە هـی هـەردوو فەیلەقـی یـەك و حەوتی سـوپای بەعسـی سـەددامییە. خزعەلـی دەڵـێ ئـەو چەکانـە پێشـمەرگە دەسـتی بەسـەردا گرتـوون و هەقـە بدرێتـەوە سـوپای عیـراق.

یانـی چەکـی پانـزە سـاڵی پێـش ئێسـتا کـە حەتمـەن ژەنگـی هەڵهێنـاوە لای ئـەم خەزعەلییـە بۆتـە میراتـی باوکـی کـە لێـی خـۆش نابێـت. سـەیر ئەوەیـە خـۆی میلیشـیایە و حەشـدە و چەکەکانـی ناداتـە سـوپای عیـراق، نهـا ئـەم داوایـە لـە کوردسـتان دەکات!

## *خورماتوو لای بەرە

جاران دەیانگوت: «هەر شەڕەی بۆ جوامێرێکە»

لـێ ئەمـرۆ لـە زەمانـی عەولەمـەدا هـەر شـەڕە و بـۆ موزایەدەچییەکە، بـۆ کەسـێك کوڵـی دڵـی خـۆی دەرێـژێ و ئـەوە دەکات کـە لـەم حاڵەتـەدا دۆسـت و هاوپەیمانەکانـی لێـی دەخوازن.

سـەرۆکی بـەرەی تورکمانـی دەڵـێ: ئـەم شـەڕەی خورماتـوو دەسـتی پەکەکـەی تێدایـە کـە لـە نـاو لیسـتی تیـرۆری جیهانیدایـە. بێگومـان

پەکەکــە لــە خورماتــووش هەیــە وەکــو لــە هەمــوو شــوێنێك ســەری دەرهێنـاوە، توانجەکەمـان لـە سـەرۆکی بـەرەی تورکمانـی بـۆ داکۆکـی لـە پەکەکـە نییـە کـە ماشـەڵڵای لـێ بێـت خـۆی ماشـێنی ئیعلامیـی بەهێـزی هەیـە. بـەڵام مەعلومـە کـە ناوهێنانـی پەکەکـە وەك ئەندامێکـی لیسـتی تیـرۆر هەندێـك جـار دەبێتـە مایـەی بەرزبوونـەوەی گێچـی دۆسـتایەتی و هاوپەیمانێتـی لەگـەڵ ئەنقـەرەدا شـتێك کـە ماوەیەکـە بـەرەی تورکمانـی گەرەکێتـی نوێـی بکاتـەوە.

**ژمارە: (٦٩٥٨) هەینی و شەممە ٢٩ -٢٠١٦/٤/٣٠**

# پەتای سایکس بیکۆ

هەمــوو کوردســتان پەتــای یــادی ســایکس بیکــۆ دایگرتــووە. کــۆڕ و کۆنفرانـس و شـیوەنی بـۆ ڕێکدەخرێـت. خـۆی ئـەم شـتانە چاکن. بەڵام کێشـە ئەوەیـە مسـتەر سـایکس و مسـیو بیکـۆ مـردوون و لـە دونیـای فانـی نەمـاون تـا خۆیـان روونکردنـەوە بـدەن. بۆیـە هەرچـی دەگوترێـت یـەك لایەنەیـە. لایەنــی دووەم قســەی دیــار نییــە، ئــەوان کاری خۆیــان کــرد و کوردســتان و ناوچەکەشـیان دابەشـکرد. ئـەوی لـە مەیدانـدا دابەشـکراوە لـە ڕارەوی کۆلیـژەکان بـە دەسـت ناهێنرێتـەوە. هـەر لـە مەیـدان وەردەگیرێتـەوە.

*دیمەنــی پەرلەمانــی عیراقــمان دی کــە داگیــر کــرا و دەســتی بــە ســەردا گیـرا. نوێنەرانـی کـورد کەوتنـە ژێـر هەڕەشـەوە و بـە ئاشـکرا وتیـان لێـرە جێتـان نابێتـەوە. دیمەنـی پەرلەمانـی تورکیاشـمان بینـی کـە بـە بۆکـس بـەر دەبنـە گیانـی پەرلەمانتـاری کـورد. هێشـتاش پەرلەمانێکـی سـوریا دەسـت بـەکار نەبـووە کـە هـی ئەسـەد نەبـێ و هـی هەڵبژاردنێکـی دیموکـرات بێـت. پەرلەمانـی نوێـی ئێرانیـش دەسـت بـەکار نەبـووە تـا بزانیـن چـۆن دەبـێ؟ لـێ لـە دوو وڵاتـی گـەورەدا دەبینیـن کـورد دەکرێتـە دەرەوەی بازنەکـە. فـەوزای پەرلەمـان ئەگـەر بەڵگەیـەك بێـت لەسـەر داڕزانـی دامـەزراوە ڕەسـمییەکانی پایتەختەکانـی ناوچەکـە، ئـەوا دەرکردنـی کـورد وەك ئاکامێکـی ئـەو فەوزایـە نیشـانەی ئەوەیـە ئـەم دیموکراسـییەی لـەم ناوچەیـەدا هەیـە دیزاینەکـەی بـە کەڵکـی کـورد نایـەت و هـەر وەختێـك سەردەسـتەکان ئـارەزووی لـێ بکـەن کـوردی لـێ دەردەکـەن.

**ژمارە: (٦٩٦٤) هەینی و شەممە ٦ -٢٠١٦/٥/٧**

*ئەگەر پەرلەمانتار نەمێنێ و نەبێ، سەرۆکی پەرلەمانیش نابێت. سەرۆکی پەرلەمان کۆڵان بە کۆڵان بە دوای پەرلەمانتاری فراکسیۆنەکاندا دەگەرێت تا کۆ ببنەوە و وەزیفەی سەرۆکی پەرلەمانی هەبێت. بێ ئەندام سەرۆك نابێ. هەر ئەمە ستراتیژی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقە لە سەردانیکردنی بۆ هەرێمی کوردستان. کابرا نە چارەسەری پێیە، نە هیوا، نە ستراتیژێکی مەحکەم. هاتووە قلەقلە پەرلەمانتارەکان خڕ بکاتەوە بۆ ئەوەی وەزیفەکەی بمێنێ و مووچەکەی حەڵاڵ ببێت.

*کابرا پاش ٢٣ ساڵ هاتووە برینی یەکەم هەڵبژاردنی کوردستان دەکولێنێتەوە باسی گوایە ٥١ کورسییەکەی خۆیان (٤٩) کەی یەکێتی دەکات. ئەم حیکایەتە وەهمییەیان ئەوەندە وتۆتەوە ئیتر تامی تێدا نەما. بێ ئاگا لەوەی دوای رێککەوتنی واشنتۆن حزبەکەی ئەم کورسییە و ئەو منەتەی وەرگرتەوە و هیچ پیاوەتی تێدا نەهێشت. نەك هەر ئەوەش بەڵکو نۆبەتی سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەشی لە پەرلەمانی یەکگرتووی پێش رووخانی سەددامدا (٢) مانگ بە سێ مانگ بوو. ئەمە تەزویری بادینانیش با لەولاوە بوەستێ. کە لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢- شەوە تەزویر لە ژمارەی دەنگدەران و ژمارەی دانیشتوان لەوێ بۆتە نەریت و هێشتاش بۆ یەکلایی کردنەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان پشتی پێ دەبەسترێت.

خێـره ئـەم کورسـییەتان کەوتـە بیـر کەچـی خەڵـك لـە کورسـی زۆر گەورەتریـش بێدەنـگ بـووە؟!

*کابـرا حەسـوودی بـە بەسـەرکردنەوە و سـەردانی خەڵکیـش دەبـات بـۆ لای سـەرکردەی حزبەکـەی، لـە جیاتـی ئـەوەی دڵـی بـە شـەعبیەت و رەواجـی مەعمیلەکانـی خـۆش بێـت قەلـس و بێتاقەتـە دەڵـێ: بـۆ پاککردنـەوەی پەرێـز و دەڵـێ ڕێگاکـە کراوەتـە ڕێـی کانـی.

هێشــتا رێککەوتــن نەکــراوە ئەوانــەی بەرژەوەندییــان لــە ناکۆکــی دایـە لێـی کەوتونەتـەوە تەقە.دەترسـین رێککەوتـن هەبـێ ئیـتر ئـەوان پەرێزیـان ئاشـکرا بێـت.

**ژمارە: (٦٩٧٠) هەینی و شەممە ١٣ -٢٠١٦/٥/١٤**

*هەندێـك كەنـاڵ كـە ئیدعـای سـەربەخۆییو پرۆفیشـنالی دەكـەن مەگـەر لـە كاتـی ڕێككەوتنێكـی وەك ئـەوەی گۆڕانـو یەكێتیـدا لـە مەنگەنـەی سـەربەخۆیی بدرێـت كاتێـك دەبینـن ئـەم ڕێككەوتنـە دوو هێـزی كوردسـتانیی یـەك دەخـات لـە هەڵوێسـتو سیاسـەتدا.ئیتر ئەوانـە شـێتگیر دەبـن تـا ئـەوەی حەریـف و خۆنواندنـی پرۆفیشـنالی لـە دەسـت دەدەن.

وەڵـڵا هـەر كەنـاڵ ٢٤ باشـە كـە هـەر لـە سـەرەتاوە ئـاڵای لایەنـداری هەڵكـردووەو بـە ئاشـكرا دژی یەكێتـی كار دەكات.

*هەندێـك كـەس كـە لـە كەناڵەكانـەوە دێنـە سـەرخەتی داكۆكـی لـە سیاسـەتی تەسـكی حزبایەتـی وای دەترنجێنـن بەسـەر یەكـدا كـە هیـچ قازانجێـك بـە حزبەكـەی خۆشـیان ناگەیەنـن، لـە جیاتـی ئـەوەی قسـەیان بچێتـە گیرفانـی حزبەكەیانـەوە كارێـك دەكـەن حزبەكەیـان ناچـاری ڕوونكردنـەوە دەكـەن تـا ئـەو ڕادەی تیمێكـی ئیعلامیـی سـەرقاڵی داكۆكـی كـردن دەبـێ لـەو كەسـەی گوایـە بەخێـر بـۆ ئـەوە هاتۆتـەوە قسـە بارێـك لەسـەر شـانی لایەنەكـەی خـۆی سـووك بـكات، كەچـی بـاری سەرشـانی قـورس دەكات.

**ژمارە: (٦٩٧٦) هەینی و شەممە ٢٠ -٢٠١٦/٥/٢١**

*ئەگەر خەڵكانێك هەن بیانەوێت یەكێتی تەفروتونا بێتو نەمێنێت ئەوا خوا هەقە دەبێ بڵێین سایتی باس نیوزو ئەوانەی لە پشتەوە دنەیان دەدەن لەو خەڵكانە نین. ئاخر ئەگەر ئەم سایتە خەبەر لەسەر یەكێتی نەكات لەسەر كێی بكات و چی دەكاتە كەرەستەی هەواڵو راپۆرتەكانی؟

لەبەرئەوە ئەو كەسانە هەڵەن كە پێیان وایە باس نیوز قینی لە یەكێتییە، بۆیە هەر باسی لە یەكێتییە.باس نیوز حەز دەكات تا خۆی پەخشو بڵاوكردنەوەی هەیە یەكێتی بمێنێ.

دەسا با یەكێتی هەر بمێنێ بۆ كوردو كوردستان و قیچێكیش لەبەر خاتری خەبەرداری باس نیوز.

*هەندێك تازە كەوتوونەتە بڵاوكردنەوەی گرتە ڤیدیۆكانی یەكێتی لەسەر گۆڕانو گۆڕان لەسەر یەكێتی. ئەمانە گەرەكیانە كای زۆر نزیك نەك كۆشیشی بەبادا بكەن، وەك بڵێی یەكێتی و گۆڕان ئەم شتانەیان نەبینیبێتو یەكتری دەخەڵەتێنن بەم رێككەوتنەیان. رێكەوتنی یەكێتی و گۆڕان لەسەر بنچینەی یەكتر ناسینو ئایندە ناسینی كوردستانە. ئەوانەی ئەم گرتانە بڵاو دەكەنەوە نازانن كوردستانو یەكێتیو گۆڕانیش لاپەڕەیەكی نوێیان كردۆتەوە. وەكو مام جەلالیش دەڵێ لاپەڕە (چڵكنەكانمان سووتاندووەو لاپەڕەی نوێمان كردۆتەوە) لاپەڕەی نوێ كە تەجاوزی گرتە ناكۆكەكان دەكات. خۆ باشترە خەڵكی تریش چاو

لـە یەکێتـی و گـۆڕان بکـەن و لاپـەڕەی نـوێ بـۆ خۆیـان بکەنـەوە لـە جیاتـی ئـەوەی لاپـەڕەی خەڵکـی تـر هەڵبدەنـەوە.

ژمارە: (٦٩٨٢) هەینی و شەممە ٢٧ -٢٠١٦/٥/٢٨

*خەبـەر هـات گوایـە عەبادیـو جبـوری بـە گرەنتـی داوای گەڕانـەوەی فراکسـیۆنەکانی کوردیـان کـردووە بـۆ بەغـدا، ئەمـما خەبـەرداری ئێمـە کـە شرۆڤـە دەکاو حەفتـو هەشـتی لەسـەر دەکات بـۆی دەردەکەوێـت عەبادیـو جبـوری سـەلامەتی خۆیـان پـێ گرەنەتـی ناکرێـت، ئێسـتا چـۆن هـی کوردیـان پـێ دەکرێـت؟

*ئەگـەر ریفرانـدۆم ئـەم فێسـتیڤاڵو یـاری تیلماجانـە بێـت کـە لە شـارو شـارۆچکەکانی دەڤـەری پاڤاریـاو میونـخ دەکرێـت، ئـەوا هیـچ نییـە، نـە کـوردان رازی دەکات و نـە داگیرکەرانیـش دەتاسێنێ. ریفرانـدۆم یەکجـارە، کـە کـرا ئیـتر قەولـی فەسـڵی تێـدا دەکـرێ. کـە بـووە دەسـکەلای حزبـی ئیـتر بـە قیسـت رۆژێـك لـەم شـارۆچکەو رۆژێکـی تـر لـەو گونـد ئاهەنگی بـۆ سـاز دەکرێـت. قوربـان بۆچـی ریفرانـدۆم حەفلـەی تەنەکورییـە، یـان چارەنووسـی میللەتێکـە.

کوردایەتی خورمایە بۆچی

یان قسەی شەیتانییە؟

*هەندێـك چالاکوانـو رۆژنامەوانـو دیـدەوان جـاران بـە نـاوی سـەربەخۆو سـەربەخۆیانو سـەربەخۆمانەوە رۆڵـی بەربووکیـان دەگێـڕا لـە ناکۆکـی نێـوان هێـزە سیاسـییەکاندا، دەهاتنـو دەچـوون، هەندێـك جـار رۆڵـی ریـش سـپیو هەندێـك جاریـش ژێربەژێـر دنـەی ئەمـو ئەویـان دەدا. ئەوانـە نانیـان لـە ناکۆکیـدا بـوو، ئێسـتا رەنگیـان زەردو لێـو بـە بـارن.

هـەق وایـە یەکێتـی و گـۆڕان یـان بەشـی سـەودای ئـەوان ناکۆکـی لەنێوان خۆیـان بهێڵنـەوە، یاخـود جێـی ئەوانیـش بکەنـەوە لـە ڕێککەوتنەکـەدا. ئـەدی ناڵێـن پرۆتۆکۆڵـی تـر ئیمـزا دەکرێـت؟ بـا لـەو پرۆتۆکۆلانـەدا بەشـی ئەوانیـش هەبێـت!!

**ژمارە: (٦٩٨٨) هەینی و شەممە ٣ -٢٠١٦/٦/٤**

لــە هەولێــر لــە جیاتــی ڕۆژنامــەی ئــازاد، میلیشــیای ئــازاد زۆرە کــە کرێــی ڕاســتەوخۆ لەســەر درۆ و بۆختانەکانــی وەردەگــرێ. یــەك لەوانــە «وشــە»یەکی ژەهراوییــە لــە ســایتەکەیدا نووســیویەتی گوایــە کوردســتانی نــوێ چــاوی بــە ســەرکەوتنەکانی پێشــمەرگە هەڵنایــە، بــێ ئــاگا لــەوەی لــە ژمــارەی پێــش ئــەو ژمارەیــە بــە مانشــێت لەســەر ســەرکەوتنی پێشــمەرگە نووســیویەتی. بــەڵام ئــەم «وشــە»یە کاری ڕســتەی تــەواو نییــەو مانشــێتی ڕۆژی هەواڵــی ســەرکەوتنی پێشــمەرگە ناخوێنێتــەوە، هــی ڕۆژی دواتــر دەکاتــە بەڵگــە کــە ئیــتر هەواڵەکــە لــە خەبــەر دەردەچێــو دەبێتــە دیعایــە وەکــو دیعایــەی میلیشــیا ئازادەکانــی بــە تەراتێــن تیــرۆری ناوبانگــی ڕۆژنامــە ســەنگینەکانی وەك کوردســتانی نــوێ دەکــەن.

ئەم«وشــە»کە چەقــۆی کولــی پێیــە ئیکتیفــا بــەوە نــاکات، بەڵکــو ســەردارو کوێخاکــەی لــە فەیســبووکەوە توانجــی داوە گوایــە ئێمــە خەبەری بێگانەمــان دانــاوە، چونکــە حەزمــان لــە هــی بێگانەیــە.

ئــەم ســەربازی موتەفەریقــەی میلیشــیایەکی ڕۆژنامەوانیــی وا دەزانــێ هــەر خــۆی توانجــی مانــادار دەزانــێ. وا ئێمــە مانشــێتەکەی ڕۆژی پێشــتری کوردســتانی نوێــی بــۆ دادەنێیــن کــە بــاس لــە ســەرکەوتنی هێــزی پێشــمەرگە دەکاتــو وەکــو وەســتا عەلــی تەمســیلییەکە پێــی دەڵێــن:

«هەر مانشێتەکە!»

**ژمارە: (٦٩٩٤) هەینی و شەممە ١٠ -٢٠١٦/٦/١١**

*لـه سـەردەمی گرتنـی کوێتـدا زۆر نووسـەری قەڵـەم فرۆشـی دونیـای عــەرەب دەســتیان دایــە کاســبی باســی عروبــەی ســەددامیو بــێ وەفـا بـوون بەرامبـەر کوێـت کـە پـارەی بـۆ کێشـەی فەلەسـتین هەڵڕشـتبوو. سـەددام لـە کوێـت دەرکـراو ئابلۆقـەی ئەمەریـکا بڕسـتی لـێ بڕیبـوو و نەیدەتوانـی پـارە بداتـە نووسـەرەکانی عـەرەب، میدیـای عەرەبـی نـاوی ئـەو نووسـەرانەی نابـوو «ارامـل صـدام» واتـا بێوەژنەکانـی سـەددام. کـە دوای کەوتنـی سـەددام دیکۆمێنتەکانـی کۆپۆنـی نـەوت بـڵاو بـۆوە بـە هەندێـك لەوانـەی کۆپۆنـی نەوتـی سـەددامیان لـێ ئاشـکرا بـوو پێیـان گوتـرا «أیتـام صـدام» یانی(هەتیوەکانـی سـەددام).

کاك دکتـۆر کەمـال فوئـادی بەشـیر موشـیر کـە ڕقـی لـە قەڵەم فرۆشـی بـوو، هەندێکـی ناونـا بـوو «هەتیوەکانـی ڕەزاشـا» داخـۆ ئەگـەر ڕۆژێـك ئاشـتیو ڕێککەوتنـی سیاسـیی تـەواو بـاڵ بکێشـێ بەسـەر وڵاتـداو حوکمـی یاســاو دامەزراوەکانــو شــەفافیەت بچەســپێ چەنـد قەڵەمـی سـەنگەر گوێـزەرەوەو چەنـد نووسـەری ئۆنیبـاز لێیـان ئاشـکرا بێتـو ببنـە بێـوەژن و هەتیـوی پاشـماوەی ئاغاکانـی بەخێویـان دەکـردن؟

**ژمارە: (٧٠٠٠) هەینی و شەممە ١٧ -٢٠١٦/٦/١٨**

# عادل ئیمام

*توانجێکـی هونەرمەنـدی دیـاری میـسری عـادل ئیـمام بۆتـە مایـەی مشـتومڕ لەنێـوان عیراقییـەکان بـە شـیعەو سـوننەیانەوە. عـادل ئیـمام کۆمێنتێکـی نووسـیووە لـە توێتـەر یـان بـە نـاوی ئـەوەوە نـووسراوەو تێیـدا دەڵـێ:

پێـم سـەیرە ئـەو هەمـوو ژمـارەی هـەزاران ئـاوارەی فەللوجـە هەیـە کەچـی داعـش بـە دووسـەد کەسـەوە دەرەقەتـی ئـەو هەمـوو خەڵکـە هاتـووە ئـەدی کـوا پیاوەتیـو جوامێـری، شـیعەکانی فەیسـبووك بـە گاڵتەوە توانـج لـەم کۆمێنتـەی عـادل ئیـمام دەدەنـو سـوننەکانیش پێیـان ناخۆشـە. بـەس ئـەوەی لـەو ناوەڕاسـتەدا گیـری خـواردووە ئەوەیـە عـادل ئیـمام ئـەو کۆمێنتـەی بـە ڕاسـت نووسـیووە یـان سـوعبەت؟ خـۆی نووسـیویەتی یـان بوختانـی بەنـاوەوە کـراوە؟

## بازی دزی

*بـازی بەغـداد لەسـەر شـانی هاووڵاتیـان نەنیشـتەوە. یانـی پـرۆژەی سـەقر بەغـداد کـە جۆرێکـە لـە بـاج سـتاندن لـە شـۆفێرو خـاوەن ئۆتۆمبێلەکانـی عیـراق هیـچ بنەمایەکـی یاسـایی نییـەو ئەمانـەی ئـەم پارەیـە کـۆ دەکەنـەوە هیـچ خزمەتگوزارییـەك پێشـکەش بـە هاووڵاتیـان ناکـەن تـا شـایانی پـارە وەرگرتـن بـن. وەزارەتـی ناوخـۆی عیـرا لـە ڕێـی

بەڕێوەبـەری گشـتی هاتووچـۆوە رایگەیانـدووە ئـەوان ئـاگاداری ئەرکـو فەرمانەکانـی کۆمپانیـای سـەقر بەغـداد نینـو ناشـزانن کـێ تەخویلـی کـردوون ئـەم پارەیـە لەخەڵـك بسـتێنن.

ئـەم لێدوانـە زۆر سـەیرو سـەمەرەیە وەزارەتـی ناوخـۆ بـە ئاشـکرا نـاوی دز دێنێـت بـێ ئـەوەی هیـچ ئیجرائاتێکـی لـە بەرامبـەردا بـکات!! بـۆ ئـاگاداری ناوخـۆی عیـراق کۆمپانیایەکـی لـەم جـۆرەش بـە نـاوی سـەقر کەرکـوك لـەو شـارە هەیـە!

**ژمارە: (٧٠٠٦) هەینی و شەممە ٢٤ -٢٠١٦/٦/٢٥**

*کۆبوونـەوەی گۆڕانـو یەکێتـی لەگـەڵ لایەنـە تورکمانیو مەسـیحییەکان باشـە، گوێگرتـن لـە بیروڕایـان و دڵنیایـی لـە پشـتیوانیان چاکـە، بـەڵام ئـەوە بـەس نییـە، گەرەکـە گۆڕانـو یەکێتیـو سـەرکردایەتیە هاوبەشـەکەیان ئیختراقـی بـەرەی پارتـی بکەنـو بیگەیەننـە ئـەو قەناعەتـەی کۆبوونـەوەی هاوبـەش لەگـەڵ «هاوبـەش»دا کۆتایـی دونیانییـە!.

*هـەق وایە ڕووداو قسـەیەکی جیددیو بەدواداچوونێکـی ڕۆژنامەوانیی بـکات لەسـەر دۆسـێی تۆمەتبارکردنـی ئەندامێکـی کۆمەڵـی ئیسـلامیی لـە تاوانـی تەقینەوەکـەی بـەردەم بارەگاکەیـان، ئایـا خۆشـیان رایـان وایـە، پێیـان وایـە حزبێـك لـە کوردسـتان ئـەم کارە دەکات و قازانجێکیشـی لـەو کـردارە دەسـت دەکەوێـت؟ لەهەمـوو تاوانێکـدا گەرەکـە بیـر لـە سـوودمەندی یەکـەم بکرێتـەوە، کۆمەڵـی ئیسـلامی سـوودی چـی دەبینێت لـــەو پەلامـارەدا، رکابەرێکـی «کەناڵـی پەیـام» سـزا دەدات؟!.

**ژمارە: (٧٠١٢) هەینی و شەممە ١ -٢/٧/٢٠١٦**

*بەگوێـرەی ئـەوەی ڕاگەیاندنەکانـی پارتـی باسـی دەکـەن، ئـەوان ئیـتر بڕیـاری خۆیـان داوە کـە لـە بەغـدا نابنـو بەغـدا بـاش نییـە، بۆیـە بـە مەزەنـدەی هەندێـك کـەس، ئـەم چوونەوەیـەی فراکسـیۆنی پارتـی بـۆ پەرلەمانـی عیـراق پەیوەنـدی بەگەڕانـەوە بـۆ پرۆسـەی سیاسـییەوە نییـە، بەڵکـو ڕەنگـە جەماعـات بـۆ ئـەوە چووبـن ترِوتفاقـو جلوبەرگەکانیـان بهێننـەوە. بۆچـی بـۆ عەرەبـەکان بەجێیبهێڵـن؟ بۆچـی بـۆ ئەندامانـی فراکسـیۆنی یەکێتیـو گـۆڕان بەجێیبهێڵـن، کـە جلوبەرگەکانیـان تەسـك بێـت بەبـەر ئەندامانـی یـــەکێتیو گـۆڕان نـەکات؟

*پرۆسـەی سیاسـی لـە عیـراق وای لێهاتـووە کـە تەمەنـی نوخبەکـەی بەگوێـرەی قیسـتی هەفتانـە درێـژ دەکرێتەوە، هەمـوو هەینییـەك موقتەدا سـەدر کفنـی مـەرگ لەبـەر دەکات، کەچـی خـۆ مەبەسـتی کفنـو دفـن کردنـی پرۆسـەی سیاسـی عیراقـو کارەکتەرەکانێتـی، ئیـتر هەمووالیـەك، لـە هەمووالیەکـەوە، بـە ڕجاوتـکا داوادەکـەن ئـەم هەینییـە نەیکاتـو بـۆ کاتێکـی تـری دوابخـات، ئەویـش تابیسـەلمێنێ دیموکراتـو دادپـەروەرە، هەفتانـە بەقیسـت بۆیانـی تـازە دەکاتـەوە.

**ژمارە: (٧٠١٩) هەینی و شەممە ١٥ -٢٠١٦/٧/١٦**

١٨ بـارەگای سـەربازیو میتـی تورکیـا لـە سـنووری پارێـزگای دهـۆك دا هەیـە، بەگوێـرەی وتـەی ئەمینداریـی گشـتی وەزارەتـی پێشـمەرگە "ئـەم هێـزە هیـچ جـۆرە پەیوەندییـو هەماهەنگییەکیـان لەگـەڵ وەزارەتـی پێشـمەرگەدا نییـە». هـۆکاری هاتنـو خانەخوێیەکەشیان ئەگەر بە رەسـمی زۆر ئاشـکراش نەکرابـێ، بـەڵام خەڵکـی کوردسـتان شـتێکیان لـەو بارەیـەوە لـەلا روونـە.

کەچـی پارتـی بـە سـەردانی نـوری مالیکـی قەڵـس دەبێتـو جێگـری سـەرۆکی حیزبەکـەو چەنـد سەرکردەیەکیشـیان تەشـەر لـەو سـەردانە دەدەن. جێگـری سـەرۆکی پارتـی کـە سـەرۆکی حکومەتیشـە دەڵـێ: ئەگـەر سـەردانی هەولێـر بـکات ئەوانیـش پێشـوازی لێدەکـەن و هیـچ کات گفتوگـۆ لەگـەڵ بەغـدا رەتناکەنـەوە. «ئەگـەر مالیکـی نیەتـی بـاش بووایـە، دەبـوو سـەردانی هەولێریشـی بکردایـە».

لـە کاتێکـدا تـا ئـەم چرکەسـاتە هاتنـو چوونـی خەڵـك لـە نێـوان بەغـداو هـەر شـارو شـارۆچکەیەکی کوردسـتان عیـراق زۆر ئاسـاییەو پێویسـتی بـە وەرگرتنـی ڤیـزاو پاسـپۆرت نییـە، ئیـتر ئـەو کەسـە مالیکـی بێـت کـە کەسـایەتییەکی دیـارو گرنگـە لـە گۆڕەپانـی سیاسـیو ئیـداری عیـراق، یـان جوملـە فرۆشـێکی بـازاڕی شـێخەڵڵای هەولێـرو ژێرپردەکـەی جـادەی مەولـەوی سـلێمانی بێـت.

ئیـتر دەبـێ بـۆچ ئـەوان بـەو هاتنـە قەڵـس بنـو تانـەو تەشـەری

لێبـدەن، کەچـی نەپرسـن مالیکـی نیەتـی بـاش نییـەو هاتنەکـەی بـۆ کـورد خراپـە یـان ١٨ بنکەکـە!!

**ژمارە: (٧٠٢٥) هەینی و شەممە ٢٢ -٢٠١٦/٧/٢٣**

ئەگـەر سـبەی دوو سـبەی دەوڵەتـی سـەربەخۆ رابگەیەنرێـت، کوردەکانـی بەغـدا چـی دەکـەن؟ کـێ بـە پاسـو بـە فڕۆکـەو بـە پایسـکیل دەیانهێنێتــەوە؟

مـادام حزبێـك ئـەم باسـەی کردۆتـە باسـی خـۆی کەوابـێ هـەر ئـەو حزبـە دەیزانـێ کـەی سـەربەخۆیی جـاڕ دەدرێ، تـۆ بڵێـی ئـەو حزبـە بـە ئەندامـە بـە غاییەکانـی خـۆی بڵـێ وەرنـەوە سـبەی رایدەگەیەنیـن، بڵێـی ئەوانیـش بـە کـوردە بەغداییەکانـی تـر بڵێـن؟ بـەڵام عەجایـب ئـەم کـوردە بەغدادیانـەی حزبـی سـەربەخۆیی کـە لـە بەغـدان لـەوە ناچـێ بەتەمـای گەڕانەوەبـن بـۆ کوردسـتانی سـەربەخۆ، لـەوێ وا دایـان کوتیـوە، وەك بڵێـی دەزانـن باسـی نـاوەوەی وڵاتیـان بـۆ سـەربەخۆیی، فایـەق بێکـەس وتەنـی، خورمـاو قسـەی شـەیتانییە. لـە بەغـدا وا چنگیـان لـە پۆسـتو پایەو پـارە گیـر کـردووە، وەك بڵێـی عیـراق وەحدەیەکـی ئەبەدییـە، وا خۆیـان ماتکـردووە وەك بێـژی قیامـەت هـەر لـە رۆژی قیامـەت بێتـەوە بیریـان، نـەك رۆژی سـەرەخۆیی کوردسـتان، بـەوەدا زانیـمان باسـی میدیـاکان شـتێکەو تەگبیـری ژێـرەوە شـتێکی تـرە.

**ژمارە: (٧٠٣١) هەینی و شەممە ٢٩ -٢٠١٦/٧/٣٠**

*دەڵێـن پەرلەمانتارێکـی دەوڵەتـی قانـوون لـە لیژنـەی رۆشـنبیریی ئەنجوومەنـی نوێنـەران عەنتەریاتـی نوانـدووە. وایزانیـوە ئـەوە لیژنـەی حەشـدی شـەعبیو شـەڕی داعشـە تـووڕە بـووەو ویسـتویەتی بۆکـس بوەشـێنێ. ئـای قوربەسـەر رۆشـنبیریی کـە خەڵکـی وا نوێنەرایەتـی بکـەن. قوڕبەسـەر دەوڵەتـو بەسـەر قانـون ئەگـەر لیسـتی وا و نوێنـەری وای هەبێـت. قوڕبەسـەر دیموکراسـیو پەرلەمانـو عیـراق ئەگـەر لیژنـەی رۆشـنبیرییەکەی ئـاوا هەڕەشـەی لـێ بکرێـت.

*رۆژنامـەی هەولێـر تـا ئێـوارێ گێچـەڵ بەمـو ئـەو دەکات، لەسـەر کۆڵانـان رێگـە بـە خەڵـك دەگرێـت، کەچـی ئەوەنـدە جیکڵدانـی تەنگـە سـەری دونیـای لـێ دێتـە یـەك کـە دوو تێبینـی لەسـەر بنووسرێـت. ئیـتر بـە هەمـوو قەڵەمانییەکـەوە دەکەوێتـە جوابـو جوابـکاری. بـەم دواییـە تەنانـەت بـە نـاوی خـوازراوی بەشـی دیزاینیشـەوە شـتان دەنووسـن.

ئەگـەر بەشـی دیزایـن وا سـەغڵەت بێتـو جوابـی تونـد بێـت، ئـەدی دەبـێ لەشـکری کوردسـتان جوابـی چـۆن بێـت؟

**ژمارە: (٧٠٣٧) هەینی و شەممە ٥ -٢٠١٦/٨/٦**

فەرمانگـەی نوێنەرایەتـی حکومەتـی هەرێـم رۆژانـە شـانامە دەنووسـێت لەسـەر سیاسـەتی دیبلۆماسـیانەی کوردسـتانو حیکمەتـی دیبلۆماسـیی فەرمانگەکەیـان کـە گوایـە دونیـای کـردووە بـە دۆسـتی کورد، کەچـی لـە مـاوەی رابـردوودا سـێ رووداو هاتنـە پێشـەوە کورتهێنانـی شـانامەکانی دەرخسـت.

١-بـۆ جـاری دووەم کۆنگـرەی نێودەوڵەتـی لـە سـەر رەوشـی دوای داعش دەکرێتـو فەرمانگـە نەیتوانیـووە ئامادەگییـەك بـۆ هەرێـم تۆمـار بکات.

٢-حکومەتـی روسـیا یارمەتـی چەکو لۆجسـتی بۆ پێشـمەرگە گەیاندۆتە هەولێـر کەچـی دیبلۆماسـیی کۆمارەکانـی مـۆز وا دەستەوەسـتان نەبـووە لـە پێشـوازی میوانەکانیـو لـە دەربڕینـی سوپاسـگوزاریدا.

٣-بـەو حاڵەشـەوە دوای داخسـتنی نوێنەرایەتـی حکومەتـی هەرێـم لە روسـیا لەبـەر قـەرزو قۆڵـەو بـێ پارەیـی. ئینجـا فەرمانگـەی نوێنەرایەتـی دەرەوە لــە هەولێـرەوە بــەلاغ دەدا کــە نووســینگەی نوێنەرایەتـی لــەو وڵاتانـە دادەخرێـت کـە یارمەتـی هەرێمیـان نـەداوە.

ئێمــە لــەم گوزارشــتانە تێنەگەیشــتی، دیبلۆماســیی دەبێــت ڕوونــو ڕەوان بێــت. وا نییــە؟

**ژمارە: (٧٠٤٣) هەینی و شەممە ١٢ -٢٠١٦/٨/١٣**

*باس نیوز جۆرێـك لـە ئیرهابـی میدیاییـو سیاسـی دەسـت داوەتـێ کـە ئیرهابەکـەی گۆبلـز لـە چاویـا ناشـیو شـاگردێکی دەسـتوپێ سـپییە. بەراوردێکـی سـەقەتی کـردووە لـە نێـوان کەبابخواردنەکـەی کەبابخانـەی عەبـاس ئـەو شـواربو سـەنگەری بـەرەی شـەڕدا. کـە دڵنیایـن رەحمەتـی عەبـاس ئەبـو شـواربیش ئـەو بـەراوردەی پـێ ناخۆشـە، چونکـە سیخورمە وتەنـی، رەبتـی تیـا نییـە، مەگـەر ئەوەنەبێـت بڵێیـن کەبـاب باشـترە لـە ئیرهـاب.

*بـە هەمـوو لایەکـەوە دەسـت دەخەنـە سـەر دەمـی وەزیـری دیفاعی عیراقـی کـە تکایـە چیـتر مەڵـێ و چیـتر نـاو نازنـاوو نهێنـی ئاشـکرا مەکـە، بـەڵام ئـەو هـەر هەڕەشـە دەکاتـو نـاوی تـر دەڵێـت. بـەم خۆڕاپسـاکانی وەزیـرو بــەم بەسـاقەو بەقوربانــەی بەرپرســەکانی بەغدابێــت. دیــارە دۆسـێکە زۆر گەورەیـەو کابـرا هـی تـری لـە هەگبەدایـە.

جـا ئـەوە وەزیـری دیفاعـەو بـە جلـی شـەڕو نەفیـرەوە ئـەو هەمووەی پێیـە، داخـۆ کـە وەزیـری دارایـی دەچێتـە بـەردەم پەرلەمـان لـەوێ چـی ئاشـکرا دەبـێ و کـێ لـە زاخـۆوە تـا فـاو سـەغڵەت دەبـێ؟

**ژمارە: (٧٠٤٩) هەینی و شەممە ١٩ -٢٠١٦/٨/٢٠**

*مانگـی ئـاب زۆر گەرمـە، لەبەرئـەوە جەماعـەت هەوڵـدەدەن لـەو مانگـەدا دۆسـتایەتیو برایەتـی بکـەن بـۆ ئـەوەی گەرمـای ئـاب تێپەڕێتـو کـەس قسـە لەسـەر هیـچ نـەکات.

*لـە سـبەینێوە تـا ئێـوارە قسـە بـە هێزەکانـی تـر دەکەنـو نوقـرچ لـە سـەرکردایەتیو سـەرکردەکانی تـر دەگـرن، کـە تیلـەی چـاو لـە خۆیـان دەگیرێـت سـەری دونیایـان لـێ دێتـەوە یەکـو سـەغڵەت دەبـن.

*ڕاگەیاندنـی نەیـارەکان بـە خۆیـان نەزانیـوە کـە توانجـو تانـە لـە کێشـەی پۆسـتی پارێـزگاری سـلێمانی دەدەنـو بـەراوردی دەکـەن بـە کێشـەی پۆسـتی سـەرۆکایەتی هەرێـم، زیـان لـە ئیعتبـارو مانـای کێشـەی سـەرۆکایەتی هەرێـم دەدەن، چونکـە یەکسـانی دەکـەن بـە کێشـەی پارێـزگاری سـلێمانی.

ئێمـە وامـان زانـی پۆسـتی سـەرۆکایەتی باڵاتـرە، بـەڵام ڕاگەیاندنـی دژی سـلێمانی ئـەم باڵابوونەیـان هێنایـە خـوارەوە.

ئێوە دەڵێن چی؟

**ژمارە: (٧٠٥٥) هەینی و شەممە ٢٦ -٢٠١٦/٨/٢٧**

# وەرزی لاسارییە

دیموکراسییەکەی ئەمەریکا بەو هەموو هێزو تواناداریەی خۆیەوە بێ کەمو کوڕی نییە، یەکێك لە کەموکۆڕییەکانی ئەوەیە دەوڵەت و هێزە لاسارەکان وەرزی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیو هەستیاری هەڵوێستی پاڵێوراوەکان بەکار دێنن بۆ زۆرترین لاساری لە مانگی هەڵبژاردن، مانگی تشرینی دووەم. جا لێرەوە تا مانگی یانزەی ئەمساڵ لاسارەکان، هەر لە داعشەوە تا بیونگ یانگ شت دەشکێننو کلك با دەدەن.

## سەباح بە کوردی

*بیستوومانەو زانیومانە تۆڕی میدیایی عیراقی بەنیازە چاپێکی هەفتانەی رۆژنامەی الصباح بە زمانی کوردی دەربکەن. کارێکی باشە بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەوان کەناڵی عیراقیەی کوردی(ئەتیاف) یان داخست. بەڵام گرنگیشە هەڵەکانی جارانی پێشوو دووبارە نەکەنەوە. بەتایبەتی لە زماندا. بەڕاستی رێزمانو زمانی عیراقیەی کوردی زۆر خراپ بو.و لە زمانە سەقەتەکەی رادیۆیی کوردی بەغدا دەچوو.

**ژمارە: (٧٠٦١) هەینی و شەممە ٢ -٣/٩/٢٠١٦**

*جارێکـی تـر حکومەتـی عیـراق پـرۆژەی بودجـەی ئامـادە کـردەوەو بـەم زووانـە ڕەوانـەی ئەنجومەنـی نوێنەرانـی دەکات، بودجـەی ٢٠١٧ لـە ڕووی مەبدەئیـەوە لـە ١٧٪ بەشـی کوردسـتانی تێدایـە. بـەڵام نـە لـە ڕووی مەبدەئیـەوە دەبێتـە قووتـو نانـی خەڵـك و نـە لـە ڕووی واقیعیشـەوە ڕێککەوتنێکـی وا دەکرێـت بەشـە بودجـەی کوردسـتان جێبەجێبکرێـت.

خـۆ بودجـەی کوردسـتانیش کـە بچێـت بـۆ پەرلەمـان، ئـەوا پشـەکە خـواردی چونکـە شـێرێك پەرلەمانـی قـووت دا.

*نیــوەی یەکێتــی بــووە گۆڕانــو جەماعەتێــك بــێ بــاك بــوون و وتیـان بـا بـڕۆن. دوایـی زانیانـو زانیـمان بەڵانـس تێکچـووە، نەخشـەڕێی یەکبوونەوەمـان داڕشـت. هێشـتا نەبووینەتـەوە یەکـو هێشـتا بەڵانـس ڕاسـت نەکراوەتـەوە. نیوەکـەی ئێسـتامان بۆتـە دوونیـوە. بـە روبعێکـەوە هـەر روبعـەی لایـەك دەڵـێ: بۆیـە وایـە چونکـە بەڵانـس تێکچـووە. جـا خـۆ بـە نیـو نەمانتوانیـو نەیانتوانـی بەڵانـس ڕاسـت بکەینـەوە داخـۆ بـە روبعـەوە پێـمان دەکرێـت؟

دۆخەکـە بـۆ ڕاسـتکردنەوەی بەڵانـس ئەوەنـدە هێـزی دەوێـت مەگـەر داوای ئـەوە بکەیـن کۆمەڵـو یەکگرتـووش بێنـە نـاو یەکێتـی ئینجـا خنەخنـی لەگـەڵ دەکەیـن.

**ژمارە: (٧٠٦٧) هەینی و شەممە ٩ -٢٠١٦/٩/١٠**

# پارتییەکی ئۆپۆزسیۆن؟

*باشــە بۆچــی حزبــەکان باســی کشــانەوە لــە حکومــەت دەکــەن؟ بۆچــی باســی ئــەوە ناکــەن حکومــەت لــە پارتــی وەربگرنــەوە؟ بۆچــی کۆبوونەوەیەکــی پەرلەمــان رێــك ناخرێــت کــە حکومەتێکــی نــوێ بێتــە کایــەوە بارەگاکــەی لــە هەولێــر بێتــو پەرلەمانیــش کارا بێتــو پارتیــش ماوەیــەك ئۆپۆزســیۆن بێــت ئەمــە باشــتر نییــە لــە میوانــداری لــە حکومەتــو هیــچ بــە دەســت نەبوونــی کۆمەڵــو یەکگرتــووو گــۆڕان و بــە تەونیــا مانــەوەی یەکێتــی لــە گۆڕەپانــی ململانــێ لەگــەڵ پارتیــدا؟

*هەتــا خۆپیشــاندان لــە هەولێــر نەکرێــت لــە دیموکراســیی کــوردی دڵنیــا نابیــن، هەتــا خۆپیشــاندان لــە زۆنــی ســەوزو نیللــی قەتیــس بکرێــت لــە ئازایەتــی ئۆپۆزیســیۆنی کــوردی و کاراییــو رێکخراوەکانــی کۆمەڵــی مەدەنــی دڵنیــا نابیــن.

ناکــرێ لــە هەولێــر تــرس هەبێــو هەمــوو بیرۆکەیەکــی دیموکراســیی لــە ســلێمانی تاقیبکرێنــەوە. ئەمــە پەیوەنــدی بــە ئازایەتــی شــارەکانو ترســنۆکی شــارەکانەوە نییــە ئەمــە پەیوەنــدی بــە فــەزای سیاســی زاڵــەوە هەیــە. خێــرە لــە حاجــی ئۆمــەران خۆپیشــاندان نابێــو لــە قــەڵادزێ دەبێــت؟ خەڵکــی کوردســتان هەموویــان ئــازاو بەجەرگــن لەســەر مافەکانیــان بــەڵام هەمــوو فــەزاکان وەکــو یــەك ئــازاد نیــن.

دەمانەوێ ئازایی هەبێو ئازادیش هەبێ.

**ژمارە: (٧٠٧٣) هەینی و شەممە ٢٣ -٢٠١٦/٩/٢٤**

# گەپێک لەگەڵ جەماعەت

«قبوڵـی ناکەیـن»، هەمیشـە وێـردی سـەر زمانـی ئـەو جەماعەتەیـە، کـە ئـەم کوردسـتانە پـڕ ئاشـوبو دەردەسـەرییو کولەمەرگیـەی کـە هـەر خۆیـان وڵاتـو خەڵکەکەیـان پێـوە گیـرۆدە کـردووەو بـەو دەردە بـردووە، وەك «نموونـەی ئەزموونـی دیموکراسـی سـەرکەوتوو» یـــــــان وەك «دوبـەی» موکـەڕەڕ بـە خەڵـك دەفرۆشـنەوە، ئـەو ئەزموونـە «دیموکراسـیە»ی لـە پایەختەکەیـو بـە گوێـرەی یاسـای جەنگەڵەکـەی ئـەوێ لەسـەر ناڕەزایـی دەربڕیـن لـە خراپـی بـاری ژیـان، بـرۆو لاسـەرێکی پێشـمەرگەیەك دەتاشـنو ئەویـش وەك نیشـتمان ئەتـك دەکـەن. کوردسـتانیش لـە سـایەی سیاسـەتە فاشـیلەکانی ئەوانـدا نـەك نەبـووە دوبـەی، هـەر بـە کوردسـتانیش نەمایـەوەو خەریکـە دەبێتـە مەقادیشـۆی موکـەڕەڕ.

ئـەو جەماعەتـە کـە باشـتر بـوو، لەپـای ئـەوەی بەسـەر وڵاتیـان هێنـاوە سـەریان کزبکردبایـە، کەچـی هـەر جوڵەیـەك بـە ئاراسـتەی پەرەپێدانـی دیموکراسـیو فەراهەمـی ئـازادی، یـان چاکردنـی گوزەرانـی خەڵـك هەبـێ، یەکەم پەرچەکرداریـان «قبوڵـی ناکەیـن»ە، ئەگـەر رەقـتری بـەدوادا نەهێنـن. بەبـێ ئـەوەی بزانـن لـە کێـی قبـوڵ ناکەنـو تاکـەی دەتوانـن هـەر «قبوڵـی» نەکـەن. ئاخـر بـرادەر کـە قبوڵـی ناکـەن، هیـچ چارێکـی ترتـان نییـە، دەبـێ یـان پـڵاو بکـەن، یـان بریانـی، خـۆ لێنانـی برنـج هـەر ئـەو سـێ ریـگا بـاوەی هەیـە. ئاخـر خـزم، خەمێکـی خۆشـتان بخـۆن، کـە «قبوڵی»ناکـەن، ئـەی چـی دەخـۆن؟

**ژمارە: (٧٠٧٩) هەینی و شەممە (٩/٣٠) - (١٠/١)/٢٠١٦**

*نـووسراوە کۆمەڵـو گـۆڕان لـە یەکگرتـووو یەکێتـی نارازیـن. هەقـمان بەسـەر یەکگرتـووەوە نییـە ئەگـەر گلەیی گـۆڕان یـان کۆمـەڵ بیانگرێتەوە. هەروەهـا گـۆڕان هەقـی خۆیەتـی هـەر نەیسـە گلەیـی بـکات چونکـە سـاداتنو لەگـەڵ یەکێتیـش ڕێککەوتنیـان هەیـە. بـەڵام کۆمـەڵ بۆچـی گلەیـی لـە یەکێتـی هەیـەو لێـی نارازییـە؟ جگـە لـە هاوسـەنگەری پـرۆژەی چـوار قۆڵـی چ سـەنگەرێك یەکێتـی لەگـەڵ برایانـی کۆمـەڵ کـۆ دەکاتـەوە؟

*کابـرای (ڕێبـوار)ی بـواری ماسـتاو نوسـیوویەتی بارزانـی ئـەو کارتەشـی لـە دەسـت دەرهێنـان! خۆشـی بـە دڵسـۆزی پارتیـو ڕێبـازی بارزانـی دەزانێـت. هەفتەیەکـە میدیـا ڕەسـمییەکەی حزبەکـەی دەنووسـێ بارزانـی بـۆ دەوڵەتـو بـۆ کوردسـتان چۆتـە بەغـدا، کەچـی ئـەم لـە میدیـای غەیـرە ڕەسـمی حزبەکـەی دەڵـێ بارزانـی بـۆ ئـەوە چـووە بەغـدا کارت لـە دەسـت حزبەکانـی کوردسـتان دەربێنێـت، یانـی ئاوێکـی ساردی کـرد بەسـەری سیاسـەتی ڕەسـمی حزبەکەیـدا.

ئیعلامـی ڕەسـمیان دەڵـێ بزمـارەو بزمـارە، ئـەم لـە کۆتایـی (ڕووداو) ەکانـی هەفتـەدا دەڵـێ بزمـار نییـەو مێخـە.

**ژمارە: (٧٠٨٥) هەینی و شەممە ٧-٨/١٠/٢٠١٦**

دەگوترێ ڕەوتێکی نوێی ئیسلامیی ڕادەگەیەنرێت. کە لە پاڵ سێ حزبە سەرەکییە ئیسلامییەکەدا، یەکگرتووو کۆمەڵو بزووتنەوە، هەوڵدەدات شوێنێك بۆ نوێگەری بکاتەوە. بەتایبەتی ئەم ڕەوتە ئەندامانی هەر سێ حزبی تێدایە.دیارە ئەمانەش وەکو حزبە عەلمانییەکان لە سەرکردایەتی خۆیان بێزارنو دەیانەوێ گۆڕانکارییەك بکەن. دیارە دیموکراسیی کوردستان بەشی هەموو لایەکی تێدایە، بۆیە با ڕەوتی نوێش بێتو ئەسپی خۆیان تاو بدەن. کەس لە کەس باشتر نییە.

*ڕەفتار پارتیو ڕەفتار ئیسلامییەکانی ناو گۆڕان کێچ کەوتۆتە کەوڵیان هەر لە سەرەتاوە ئەم ڕێککەوتنەیان پێ خۆش نەبوو. بەڵام لە ترسی پێویستی قۆناغو دانایی سەرکردایەتی گۆڕان کە دەرك بە پێکەوەیی یەکێتیو گۆڕان دەکەن، نەیاندەوێرا فزە بکەن. ئێستا غیابی ڕێکخەری گشتی گۆڕانو ئاڵۆزی دۆخی یەکێتیان قۆستۆتەوە تا بە دنەی ئەموئەو نوقرچ لە ڕێککەوتنەکە بگرن. باشترین چارەسەر ئەوەیە گۆڕانو یەکێتی بکەونە خۆیان و خاوەخاوی لە بواری جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە ببڕێننەوە. بۆ قازانجی هەردووکیانو بۆ قازانجی کوردستان هێزی خۆیان یەکبخەن، ڕێککەوتنی یەکجارەکی لەنێو هەردوولا بکەنە بەڵگەی باشی پێکەوەییانو کەلێنی خراپ سواغ بدەن.

**ژمارە: (٧٠٩١) هەینی و شەممە ١٤-١٥/١٠/٢٠١٦**

*لـە کـەس نەقەومابـێ لـە ترامـپ قەومـاوە. ئـەم مسـتەر بـە ڕاسـتو بـە چەپـدا کەموکـوڕیو لاساری لـێ ئاشـکرا بـووە. وا دەزانـێ ئەمەریـکاش کوردسـتانە کـەس لێپرسـینەوە لـە مەسـئول نـاکات. سـیناریۆ هۆلیۆدییەکـەی وا بـۆ دانـراوە کـە لـە گەرمـەی کەمپنەکەیـدا خانمـان دەچـن شـکاتی لـێ دەکـەن. تـا لاپـەڕەی سـپی دەکاتـەوە هەڵبـژاردن دەکرێـتو ئەویـش بـەو ناوبانگـە ململانـێ دەکات.

*ئـەردۆگان لـە بـەرەی سـوریا چەنـد خولێکـی ململانێـی سیاسـییو شـەڕی دەسـتەویەخەی دۆڕانـد.وا بـەرەی عیراقیـش موسـڵ بـووە گۆڕسـتانی خەونـە فراوانخوازییەکـەی ئێسـتا بـە یەکسـانی رازییـە مـادام دەزانـێ لەسـەر خاکـی خـۆی یـاری نـاکات.

*ئەگـەر مۆراڵێکـی سیاسـی مابێـت لـە رۆژئـاوا ئـەو لێدوانـە سەیروسـەمەریە لەوێـوە نایـەت کـە گوایـە شـەڕی موسـڵ خراپـە چونکـە داعـش دوای تێکشـکانی بـە هەمـوو دونیـادا پـەرت دەبێـت. مەگـەر لـە ناوچـەی کوردسـتان عیـراقو رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت نـووسراوە کـە تەحەمولـی ئـەم بەڵایـە بـۆ ئـەوەی داعـش نەگاتـە ئەوروپـا. جـا خـۆی داعـش بـێ دەرکردنیشـی لـە موسـڵ گەیشـتۆتە ئەوروپـاو رۆژانـە تیـرۆر دەکات سـا بەڵکـو کـە لـە موسـڵ تێکشـکا ئیـتر د؟؟؟ بشـکێو بـێ هیـوا بێـت لـە ئەوروپـاش؟

**ژمارە: (٧٠٩٧) هەینی و شەممە ٢١-٢٢/١٠/٢٠١٦**

-دۆناڵـد ترامـپ شـتی وا دەڵـێ سـەر بـە قـوڕان دێنێتـە پێکەنیـن گوتویەتـی هیـلاری کلنتـۆن بۆیـە لـە دوا یبەیتـدا چـالاك وچاپـوك دیاربـوو چونکـە دەرمانـی وزە بەخشـی خـواردووە؟ دیـارە ترامـپ دیبەیتـی لـێ بـووە بـە سـاحە و مەیـدان و کێبرکێـی سەرۆکایەتیشـی لـێ بـووە بـە ئۆلەمپیـاد.

- هێشـتا پرۆسـەی رزگاری موسـڵ تـەواو نەبـووە بـرا شـیعەکانی حوکـم دەسـتیان داوەتـە خواردنـی بەرهەمەکەی.لەگـەڵ ئەسـیل نجیفـی کەوتنـە دەعـواوە و دادگایـان لـێ راسـپاردووە کـە بـە بیانـووی سـەودا لەگـەڵ دەر ودراوسـێ گەرەکـە دەسـتگیر بکرێـت.

-خـۆی ئێسـتا حەلـەب بـێ خاوەنـە وکەسـی نییـە بۆیـە سـاین ئەردۆغـان داوای دەکات. دیـارە پێـی وایـە موسـلیش بـێ خاوەنـە بۆیـە لەگـەڵ حەلـەب گرێیـداوە. ئاخـر ئەگـەر بەهانـەی داواکردنەکـەی موڵکیەتـی عوسـمانیی بێـت خۆشـوێنی تریـش وەکـو سربیـا وئەلبانیـا وبـەسرە وبەغـدا هـەر وابـوون بـۆ داوایـان ناکاتـەوە.

**ژمارە: (٧١٠٣) هەینی و شەممە ٢٨-٢٩/١٠/٢٠١٦**

* لەو دونیایەدا نەگەبەتی وەکو یەکێتی لە هیچ شوێنێکی دونیادا دەست ناکەوێت. یەکێتی هاوپەیمانێتی ستراتیژی لەگەڵ حزبێك هەیە کە نیوەی هەفتە، رۆژنامە سێبەرەکەی قسە بە سەرۆکی وڵات دەڵێ‌و رێککەوتنی سیاسیی لەگەڵ حزبێك هەیە کە میدیا ئاشکراکەی، سەرەتای هەفتە قسە بە بەرپرسی دەستەی کارگێرییەکەی دەڵێت. چا نەبوو ئەوانە دوژمن نەبوونو دۆست بوون!!

*ئەوە دادگای فیدرالی لە عیراق بڕیاری گێڕانەوەی هەر سێ جێگرەکەی سەرۆك کۆماری دەرکردو ئیشی ئەنجومەنی نوێنەرانو بڕیاری سەرۆك وەزیران حەیدەر عەبادی فشە دەرچوو. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە نە سەرۆك وەزیرانو نە پەرلەمانی یاسادانەر ئاگای لە دەستورو وردەکارییەکانی نییە. ڕێگەی لابردنی جێگرانی سەرۆك بە فلتەری دەستکاری دەستووردا تێپەڕ دەبێت، نەك بە فلتەری خۆپیشاندانی شەقام.

*لە وڵاتانی دونیا سمینارو دیبەیتو کۆبوونەوەی میدیایی دەبێتە مایەی لێك حاڵی بوونو نزیکایەتی پێکناکۆکان. بەداخەوە لە کوردستان میدیا بە گوڵبژێری وتەکان کارێك دەکات هەموو جارێك دیبەیتەکان وایان لێ بێت کە ناکۆکی قووڵ بکەنەوە، نموونەی ئەمەش دیبەیتەکانی ساڵی پاری زانکۆی ئەمریکاو ئەوەی ئەمساڵی دیداری مێری بوو.

**ژمارە: (٧١٠٩) هەینی و شەممە ٤-٥/١١/٢٠١٦**

*وا خەریکـە شـەڕی موسـڵ تـەواو دەبـێو تورکیـا هـەر سـوورە لەسـەر بەشـداری ئۆپەراسـیۆنەکە. دە لێـی گەڕێـن لـە رۆژی کۆتایـی شـەڕەکەدا بـا بچێتـە بەرەکانـی جەنـگ وەك هەندێـك مەسئولی کـورد چەنـد سـێڵفییەك بگرێـت و ئیـتر هەمـوو کێشـەکان تـەواو دەبێـت.

*سـەبارەت بـە هەڵبژاردەکانـی ئەمەریـکا (کوردسـتانی نـوێ) جۆرێـك لـە سـەقامگیری سیاسـیی لـە سیاسـەتی دەرەوەیـدا دروسـت کـردووە. دەسـتەی نووسـەران لایەنگـری خاتـوو هیـلاری کلنتۆنـو سـکرتێری نووسـین مسـتەر ترامپـی پـێ بـاش بـوو، سەرنووسـەریش سـەرەڕای دەرکەوتنـی ئاکامـی هەڵبژاردنـەکان، بـەڵام بـێ لایەنـی خـۆی پاراسـتووە!

*بیسـتوومانە لـە موداخەلەیەکـی هـاوڕێ عەزیـز محەمـەد لـە کۆنگـرەی شەشـەمی حزبـی شـیوعی کوردسـتاندا داوای دەرچواندنـەوەی رۆژنامـەی رێـگای کوردسـتانی کـردووە کـە چەنـد سـاڵێکە بەهـۆی تەنگـژەی داراییـەوە راگیـراوە. برادەرانـی میدیـای ئەهلـی تێبینـی لـە ئێمـەوە وەرناگـرن، لـە تەجرەبـەی مامۆسـتا عەزیـز محەمـەدەوە فێـر بـن کـە رۆژنامـەی حزبـی چەنـد پێویسـتە؟

*کچـی ماڵـە دراوسـێیەکی ئەنـدام پەرلەمانێکـی کوردسـتان تەمەنـی بۆتـە هـەژدە ساڵیو زوو زوو پەنجـەی ڕادەوەشـێنێ گوایـە ئیـتر

ساڵی داهاتوو مافی دەنگدانی هەیە. وا دەزانێ هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیدا دەکرێت. وا دەزانێ ئەگەر هەڵبژاردنیش کرا سەرۆکی پەرلەمانی داهاتوو دەچێتە شوێنی دەوامی خۆی!

**ژمارە: (٧١١٥) هەینی و شەممە ١١-٢٠١٦/١١/١٢**

*سـەرۆكی توركیـا سـەردانی بیلاروسـیای كـردو میدیـای توركیـا بایەخێكـی زۆریـان بـەو سـەردانە دا ئەنقـەرە ئـەم پەیوەندییـەی زۆر بـە گرنـگ زانـی. هــەردوولا هاوپەیمانــن لــە دژایەتــی تەكنەلۆژیــای پەیوەنــدی. ئــەردۆگان قینـی لـە تویتـەرەو سـەرۆكی بیلاروسـیاش ئەلكسـەندەر لوكاشـینكو قینـی لـە زەنگـی مۆبایـل ئەگـەر وەك ئامرازێكـی پرۆتسـتۆی جەماعـی بـەكار بێـت!

*سـەرۆك وەزیرانـی توركیـا دەڵـێ pkk لەنـاو دەبەیـن بـۆ ئـەوەی چیـاو دۆڵو شـارەكان ببوژێنـەوە، بـەڵام لـە دوا بزووتنـەوەی كـوردەوە لـە سـاڵی ١٩٣٨ تـا دروسـتبوونی pkk لـە ١٩٧٨ چـڵ سـاڵ هەیـە بۆچـی تـا ئێسـتا شـاخو چـۆڵو دۆڵـەدان نەبوژاونەتـەوە؟

*هەمـوو جارێـك كـە خەڵكـی كوردسـتان دەگاتـە ئـەو قەناعەتـەی سیاسـەتی نەوتـی هەرێـم شكسـتخواردووە نـوری مالكـی سـەرۆك وەزیرانـی پێشـوو دوو لێـدوان دەدات كـە رووی سیاسـەتی ڕەسـمی كوردسـتان سـپی دەكاتـەوە، چونكـە هێنـدە بـە زبرییـەوە قسـە لەسـەر كوردسـتان دەكات هەمـوو كوردێـك دێنێتـە سـەر خەتـی بەرهەڵسـتی كردنـی. هەمـوو جارێكیـش كـە خەڵـك سـۆزی بـۆ حكومەتـی هەرێـمو بـێ دەرامەتییەكـەی دەجوڵـێ ئاشـتی هەورامـی دوو لێـدوان دەدات جارێكـی تـر خەڵـك لـە حكومەتـی هەرێـم پـڕ دەكاتـەوە.

**ژمارە: (٧١٢١) هەینی و شەممە ١٨-٢٠١٦/١١/١٩**

*لـە کوردسـتان شـتی خـۆش خـۆش ئەقەومێـن، بـۆ نموونـە کابـرا حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانی پێناگۆرێـت، بـەو توانـا سیاسـییە کەمـەی هەیەتـی حکومەتـی پـێ هەڵناوەشـێتەوە، بۆیـە ئەرکـی خـۆی قورسـتر دەکات، دەیـەوێ هەرێمەکـە هەڵبوەشـێنێتەوە! بەمـە دەڵێـن راکـردن بـۆ پێشـەوە.

*دەبـل سـتاندار،یانی پێـوان بـە دوو پێوانـە، سیاسـەتێکی بەردەوامـی تورکیایـە. تەنانـەت لـە پرسـی تیرۆریشـدا لای تورکەکان(حەمـاس) تیرۆریسـت نییـەو ئـەردۆگان داکۆکـی لـە پاکـی تۆمـاری رێکخـراوی حەمـاس دەکات، بـەڵام (پەیـەدە) ی پـێ تیرۆریسـتە. داعـش بـە تیرۆریسـت دەزانـێو پەکەکـەش هـەروا. بـەڵام لـە پەکەکـە دەداو لەگـەڵ داعش-یـش هـەر خنەخنێتـی.

* هەفتـەی داهاتـوو لەگـەڵ باسـکردنی پێویسـتی دەسـتپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانـی لایەنـە سیاسـییەکان بـۆ رێککەوتـنو دۆزینـەوەی چارەسـەر بـۆ تەنگـژەی حوکمڕانـی. باسوخواسـی دانانـی سـەرۆکی کاتـی بـۆ هەرێمـی کوردسـتانیش گـەرم دەبێـت. هەیـە قاتـی کریـووەو خـۆی ئامـادە کـردووەو هەشـە لێدوانـی داوە گوایـە ئامادەیـە ئـەو ئەرکـە جێبەجـێ بـکات؟ هیوادارین ئـەو مشـتومڕە لەسـەر سـەرۆکێکی کاتـی نەبێتـە مشـتومڕێکی دائیـم!

**ژمارە: (٧١٢٧) هەینی و شەممە ٢٥-٢٦/١١/ ٢٠١٦**

* «هەفتەنامەی ئاژانس» زانیاری چاکی داوە لەسەر گروپە چەکدارییەکەی دەربەندیخان، کە سەر بە کەتیبەی سەلاحەدینی ئەیوبین.

هەروا ئەو جوامێرانەی پیلانی ئەو گروپانەیان پووچەڵ کردەوە شایانی دەستخۆشین، بەڵام لەوەش گرنتر چارەسەری ئەو دۆخە سیاسیو ئەمنیە بکرێت کەوا دەکات کەتیبەی سەلاحەدین بگاتە دەربەندیخانو بوێرانە نەخشە بۆ ئەزێتدانی نەوەکانی سەلاحەدین دابنێت.

* پرسیار لێرە هەر ئەوەنییە لایەنەکان پرۆژەیان هەیەو هەبووە بۆ مەسەلەی مووچە پرسیار ئەوەیە حکومەتی هەرێم دوای ساڵێك لە دوا ساتدا، لەسەر ئەم دۆخە قسە دەکاتو پێشنیاز رەتدەکاتەوەو پێشنیازی نوێی دیار نییە؟

*وەرزێکی گەرمی نوێ لەم چلەی زستانەدا رووی لە بەغدایە، وەرزێك حزبەکانی شیعە تێکبەردەبن، شەڕی یەکتر دەکەنو هەوڵی لابردنی رەمزەکانی یەکتری دەدەن، پاکتاوکردن دیاردەیەکی کۆنی عیراقییە، شیوعی دژی قەومییەکان، قەومییەکان دژی شیوعی، بەعس دژی شیعەو شیعەش دژی سوننە پەیڕەویان کردووە، وا ئێستا وەرزی نوێ بەڕێوەیە.

**ژمارە: (٧١٣٩) هەینی و شەممە ٩-١٠/١٢/ ٢٠١٦**

*بۆچـی کـەس لـە حزبـەکان بـژاری هەڵبژاردنـی پێـش وەخـت تاوتـوێ ناکـەن مـادام کێشـەکان هـەر ئاڵـۆزنو لـەوەی ئێسـتا ئاڵۆزتـر نابـن؟ ئـەوە باشـتر نیـە لـە کات کوشـتن تـا کاتـی فیعلـی هەڵبژاردنـی داهاتـوو دێـتو بۆمـان سـاغ دەبێتـەوە هێشـتا نەخشـەیەکمان بـۆ چۆنێتـی هەڵبژاردنـەکان دانەنـاوە؟!

*لـە میـسر تـا ئەڵمانیـاو بـە تێپەریـن بـە تورکیـادا دونیـا غەرقـی تەقینـەوەو تۆقاندنـە. نـە تەوقیـت بەربەسـنەو نـە جوگرافیـاو نـە بکرەکـەیو نـە پێکراوەکـەی.

مـۆری بەشـی زۆری ئـەم ئۆپەراسـیۆنەش هـی ئیسـلامیی سیاسـییو توندڕەوە.

کەچـی لـە فەیسـبووك یـەك تێبینـی یەکسـانە بـە لێشـاوێکی جنێـوی توندڕەوانـە کـە بـە گوێـرەی داکۆکییـەکان بێـت دیـارە ناسـنامەکە هـی کێیـە؟

*پۆڵەنـدا لـە هەشـتاکانی سـەدەی بیسـتەمدا مـژدەی بەهـاری ئەوروپـای ڕۆژهەڵاتـی پـێ بـوو. ململانێـی دیموکراسـییو ئاشـتیخوازانە گەیشـتە کەوتنـی کۆمۆنیـزم لـەو وڵاتـە.

لـەو کاتەشـەوە دیموکراسـیی هاتـووە، بـەڵام جێگیـری، وەکـو کرمانجان دەڵێـن: توونـە! وا لـەم وەرزی بەهـاری عەرەبـیو سـەرکەوتنی پۆلپۆلیـزم لـە زۆر شـوێنی دونیـادا پۆڵۆنیـا جارێکـی تـر تێکەوتـووەو بەهـاری

دەبـزوێ!

بڵێـی دیموکراسـیی نەیـاری سـەقامگیری بێـت؟ یـان نموونـەکان پێـمان دەڵێـن دیموکراسـیخوازان دیموکراسـیی یەکسـان دەکـەن بـە ئەنارشـیزمو جێگیرخوازانیـش جێگیـری یەکسـان دەکـەن بـە ئاسـایشو بێدەنگـی؟

**ژمارە: (٧١٥١) هەینی و شەممە ٢٣-١٢/٢٤/ ٢٠١٦**

*رۆژنامەیەك حەوت وتاری وەڵامدانەوەی نووسیووە لەسەر ئەو میدیایانەی پێیان وایە سەردانەکەی فەرەنسا بۆ کوردستان بایەخێکی ئەوتۆی نییە. باشە ئەگەر رۆژنامەکە حەوت وتاری لەسەر بایەخی سەردانەکە نووسیبا باشتر نەبوو لە وەڵامدانەوەی بیروڕاکانی تر؟!

*لەوەتەی باسی یەکگرتنەوەی یەکێتیو گۆران هاتۆتە گۆڕێ ئەو هەڵتۆقیوانەی لە ئەنجامی لێکترازانەوە بوونە شت کێچ کەوتۆتە کەوڵیانو نازانن چۆن ئەو هەواڵە خۆشانە ڕەتبکەنەوە. نانیان لە ناکۆکیو لێك ترازاندایەو دیارە نرخی نانەکە زۆر گران بووە.

*خوا موسڵمانەکان لە کوردستان یەك بخات. بە موسڵمانی ئاساییو موسڵمانی سیاسیشەوە. بەڵام مەرج نییە باشی یەکبوونو یەکگرتنی موسڵمانەکان بۆ ئەوە بێت بەرەنگاری حزبی دیموکراتو عەلمانییەکان ببنەوە. چونکە بەوە درزی تر دەخەنە نێو موسڵمانەکانەوە. بەتایبەتی ئەو موسڵمانانەی رێی دینو رێی سیاسیەتیان لێك جیا کردۆتەوە. ئیسلامییەکانی حزبەکان بۆ خۆیان یەك بن باشترە تا بۆ نەیارە سیاسییەکانیان!

**ژمارە: (٧١٦١) هەینی و شەممە ٦-١/٧/ ٢٠١٧**

# یوبیلی زیوین

*هەفتــەی رابــردوو وتمــان هەندێــك هــەن ئــەم پەیوەندییــەی یەکێتــیو گۆرانیــان پــێ ناخۆشــە. وا ئــەم هەفتەیــە قســەکەمان هاتــەدی ئەوانــە بەلاغێکیــان فەرمــوو کــە بۆنــی داوای هەڵوەشــاندنەوەی رێککەوتنەکــەی لــێ دەکرێــت. بــێ ئــاگا لــەوەی دۆخەکــە ئــەوە دەخوازێــت یەکگرتنــەوە بکرێــتو هــەر دوولاش روویــان لەوەیــە.

*ئەگــەر یەکێتــی وەکــو جــاران مــاویو مەیلــەو چینــی دەبــوو، ئامۆژگارییەکانــی ســەرۆکی چیــن بــۆ ئەندامەکانــی حزبــی شــیوعی چیــن دەســت دەدا بــۆ یەکێتی-یــش. بگــرە دەســت دەدا بــۆ هەمــوو حزبەکانــی کوردســتان کــە هەمــان گیروگرفتــی حزبــە حوکمڕانەکــەی چیــن -یــان هەیــە. بــا کوردســتان وەکــو چیــن گــەورە نەبــێو دەسکەوتەکانیشــی وەك ئەوانــەی چیــن نەبێــت.

*هــەر دەڵێــن تەنگــژەی میدیــای کاغەزییــەو ئەهلــی ناتوانــێ دەربچێت.باشــە لــەم چەرخــی دابەشــکردنی کارەدا بۆچــی میدیــای ئەهلــی رازی نابــێ بــە ئــەرك دابەشــکردن: رۆژنامــەی کاغــەزی بــۆ حــزبو تەلەفزیــۆنو ســایتو سۆشــیال میدیــاش بــا بــۆ ئــەوان بێــت؟

**ژمارە: (٧١٦٧) هەینی و شەممە ١٣-١٤/١/ ٢٠١٧**

* هێشـتا کابـرا نەهاتۆتـە سـەر حوکـم، لێـی ترسـاوە. کاکـە بابێـت کـێ دەڵـێ وردە وردە دەسـتو پەنجـەی لەگـەڵ حوکمڕانیـدا نـەرم نـاکاتو شـتێکی قاڵبـووی لـێ دەرناچـێ.

تکایـە واز لـە بەیاننامـە دەرکـردن بێنـن دژی مسـتەر ترەمـپ، وەڵـڵا چارەنووسـی چـوار سـاڵی داهاتـووی ئەمریـکاو دونیـای بەدەسـتە.

* جـاران بـۆ تێهەڵـدانو لـووت شـکاندنی ڕۆژنامەنووسـانو چالاکوانان سـیناریۆ دەهۆنرایـەوە، ئێسـتا جەماعـەت ئەوەنـدە سـەرقاڵنو پەلەیانـە کـە لـە یەکێـك دەدەنو دەیکوتـن بـێ هیـچ پاسـاوێك بەڕێـی دەکـەنو حیکایەتیشـی بـۆ ناهۆننـەوە، چونکـە کۆتایـی درامـاکان بـە پەلـە دەکرێـت.

* خـوا ڕەحـم بـکات ئـەم هەفتەیـە بـێ کێشـەی تێپـەڕی لەنـاو سـلێمانی و یەکێتـی دا. تـا نووسـینی ئـەم خەبـەردارە هیـچ خەبەرێـك نییـە کـە دڵ داخورپێنـێ.

**ژمارە: (٧١٧٣) هەینی و شەممە ٢٠-٢١/١/ ٢٠١٧**

*ماوەیەك مامۆستا باشی هێنابوو لە دیدی نەرمو سیاسەتی ژێری دیسانەوە تێكی دایەوە كە هەموو تەنگژەی كوردستانی خستە ملی عەلمانیو دیموكراتەكان. ناچارین بڵێین ئاخر ئیسلامییەكانیش كەمیان نەكرد. دۆخی تەنگژە نزیكایەتی هەموانی دەوێت، نەك ئەستۆ پاككردن.

*مەسەلەی كورد زۆر لە مالكیو عەبادیو عەلاوی كۆنترە، تەنانەت لە حزبە كوردستانییەكانیش كۆنترە، ئەم ناوانەو دەیان ناوی تر وێستگەی بچووكن لەبەردەم ئەم شەمەندۆفێرەی كەوتۆتە گەڕو ناوەستێ تاوەكو مەسەلەكە چارەسەر دەبێ. بۆیە گرنگە موخاتبی خۆمان بناسین كە كۆی سیاسەتی ئیقلیمییە، نەك فەرمانبەرێك بە پلەی سەرۆك وەزیرانی پێشوو.

*رۆژانە سووچی تەلەفزیۆنێك دەكوژێتەوەو حبری رۆژنامەیەك چك دەكاتو پارەی سایتو پەیجێك هاك دەكات. ئەمە ناخۆشە لە رووی كاری رۆژنامەوانییەوە، بەڵام تێپەڕینی ئەمانە بە بێدەنگی یان بەڵگەیە لەسەر نەخوێندەواری كورد، یان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی میدیاكەمان هیچ سەدایەك بەجێناهێڵن. میدیا هەر بۆتە پێخۆری شەڕی سیاسییەكانو كاردانەوەی لێدوانەكان!

**ژمارە: (٧١٧٩) هەینی و شەممە ٢٧-٢٨/١/ ٢٠١٧**

*خەبـەردار هاتـەوە، هاتـەوە تـا خەبەرتـان بداتـێ کـە جەماعـەت بـە شـەوو ڕۆژ خەریکـی پینەکـردنو پەشـیمان بوونـەوەن لـەوەی کـە کردیـان. بـە ئێـرانو تـۆران دەڵێـن وەرنـەوە بـە شـەرتی جـاران. ناچینـە لای مـام سـامو کاك ناجییەکـەی جـاران.

*لـەدوای ریفراندۆمیشـەوە دۆخەکـەی کوردسـتان وەکـو خۆیەتـی. بـرادەران لـەولا نـە بایـان دیـوە نـە بـاران، برادەرانـی لەمـلاش گەرەکیانـە فەوزاکـەی جـاران بەنـاوی ئۆپۆزسـیۆنو دەسـەڵات، یـان حکومەتـی ئێسـتاو هـی کاتیـی بهێڵنـەوەو درێـژە بـە گەمەکـە بـدەن. ئیـتر بەغـدا چـی ئـەکاتو کەرکـوك چـی لـێ دێـت ئـەوا گوێـی پێنادرێـت. ئـەو خەڵکـە مـام جەلالێکـی هەبـوو بـە بەغـداو کەرکوکیـش ڕادەگەیشـت. ئـەی ئێسـتا چـی بکـەن؟

**ژمارە: (٧٤٢٥) هەینی و شەممە ٢٤-١١/٢٥/ ٢٠١٧**

*قسه لەسەر کەموکوڕیو ناڕەوایی لە کوردستان ئەوەندە ڕەوایە کە گرنگ نییە کێ قسەی لەسەر دەکات. قسەی هەق هەقەو ڕەقە، تەنانەت ئەگەر خوارو خێچێکیش بیڵێ.

خوارو خێچی قسەکەر نابێتە پاکانە بۆ کەموکوڕی زۆرو زەوەندی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستان. بیرکردنەوەیەکی باشترمان دەوێت ئەگەر بخوازین چارەسەری بکەین.

*ئەکرادەکانی مالکی تۆمەتی ڕەقو زەقو تەقی ڕاگەیاندنی پارتیو بەتایبەتیش ڕۆژنامەی هەولێر بوو. سەدان مانشێتیان لەم بارەیەوە نووسی. ئێمە هەر ئەمەیان دادەنێین تا بەبیریان بێتەوە.

**ژمارە: (٧٤٥٥) هەینی و شەممە ٢٩-٣٠/١٢/ ٢٠١٧**

*خۆشــە لــە باشــوور لەگــەڵ تەڤگەرێکــی ســەرمایەداری ڕێــك بکەویــتو لــە سەرتاســەری کوردســتاندا گوزارشــتی شۆرشــگێریت هەبێــت. ئەمــە ڕەچەتەکەیــە بــۆ زەرەرو زیــان، لــەو کاتــەی دەخوازیــت قازانــج بکەیــت!

*کابــرا خــۆی بــە میراتگــری ســوڵتانەکانی دونیــای ئیســلام دەزانــێ کەچــی مزگەوتــی ســوڵتان ســەلاحەدین لــە عەفریــن بۆردومــان دەکات. دیــارە هــەر ئــەوە بــەس نیــە ســوڵتان بیــت. ئەبــێ تورکیــش بیــت. ئەگینــا وەك ســەلاحەدینی ئەیوبــی کــورد بۆردومــان دەکرێیــت!

*عێــراق چۆتــە ســووری متبوونــی هەڵبژاردنــەوە، بۆیــە هــەق نیــە نــە بــاوەڕ بــە وەعــدی خۆشــی بەغــدا بکەیــنو نــە لــە هەڕەشەکانیشــی بترســین. ئــەوە هاشــتاکی هەڵبژاردنــە.

**ژمارە: (٧٤٨٢) هەینی و شەممە ٢ - ٢٠١٨/٢/٣**

دەرزی لەچـاوی خەڵـك دەبینــن، بــەڵام كاریتــە لــە چـاوی خۆیـان نابینــن. ئەمــە تەرجەمــەی حاڵــی عەباددیــە. گەندەڵــی لــە كوردســتان كـە زۆریشـەو كـەم نییـە، دەبینـێ بـەڵام هـی دەوروبـەری خـۆی نابینـێ.

لــە نووســینگەی خــۆی تــا هــی حزبەكــەی تــا هــی تەیـاری شـیعە گەندەڵــی هەیــەو لێــی دەرژێ، بــەڵام ئــەم هــەر بــە دوای گەندەڵــی كوردســتانەوەیە. تەبعــەن نــەك بـۆ ئـەوەی چارەسـەری بـكات, بەڵكـو بـۆ ئـەوەی بیكاتـە تانـە لـە كـوێ پرۆسـەی سیاسـیی كوردسـتانو ئەزموونەكـەی.

*جا عەبادی شتی دیكەشی وتووە:

گوتوویەتــی ئــەو كارانــە چارەســەر دەكەیــن كــە لــە نەوەدەكانیــش قەومــاوە، چونكـە كوردســتان لــە نــەوەدەكان رەقابــەی لەســەر نەبــوو. یانــی مەبەســتی زەمانــی پێــش كەوتنــی بەعسیشــە.

نازانیــن عەبــادی ئــەو كاتــە هاتۆتــە كوردســتان یــان نــا؟ میــوان بــووە یــان هاتۆتــە كۆنگرەكانــی ئۆپۆزســیۆن، نازانیــن وەســڵی ئــەو كاتەشــی مــاوە یــان نــا؟ كــە میوانــی ئوتێــلو میوانخانەكانــی هەرێــم بــووە یــان نــا؟ بــەس ئــەوەی دیــارە ئەوەیــە پێــش كەوتنــی بەعــس، بەعــس كەتنــی زۆری لــە دژی كــورد ئەنجــام داوە. عەبــادی رەقابــەی ئەوانــەش دەكات یــان هــەر بــە دوای كەتنــی كوردەوەیــە؟

خۆی لێ بۆتە میراتگری دەوڵەتی عیراق لە نەوەدەكانیش!

**ژمارە: (٧٥٠٠) هەینی و شەممە ٢٣ - ٢٠١٨/٢/٢٤**

# مانشێت

*گلەیـی لـە بـاس نیـوز ناکـرێ، چونکـە کارەکـەی ئەوەیـە کـە وا بـێ، جاسوسـیو دووبەرەکـیو دڵەراوکـێ بنێتـەوە. ئـەوەی خەبـەری یەکێتـیو کرماشـانی نووسـیووە، ئـەوەی دایـناوەو ئـەوەی هانـی داوە هیـچ گومانێکـی لەسـەر مەکـەن، ئـەوە ناسـنامەی خۆیـان وایـە کـە پێـش پاسـدار کەوتـن لـە کوردسـتانی رۆژهـەڵات. گومـان لـە ئـاوەزەی ئـەوە بکـە بـاوەڕ بـە هەواڵـی وا دەکات.

*قـاتو ریباتـی کڕیـووەو خـۆی بـۆ حکومەتـی داهاتـووی کوردسـتانو حکومەتـی داهاتـووی عیـراق ئامـادە کـردووە. هەمـوو شـەڕێك بـۆ جوامێرێکـە. قسـەی کۆنـی کوردەوارییـەو ئەبدەیتکراوەتـەوە. کاکـی رۆژنامەنـووسو کاکـی چالاکـوان ئەوەنـدەی خەریـك خۆپاڵاوتنـی ئایندەیـە ئەوەنـدە خەریـك خزمەتـی بوارەکـەی خـۆی نییـە. کـەس نەمـاوە کارەکانیـان بـکات. هەتـا گروپێکـی تـر تـەواو دەبـنو جێـی ئـەم دەگرنـەوە.

**ژمارە: (٧٤٥٩) هەینی و شەممە ٥-٢٠١٨/١/٦**

کشانەوەی یەکگرتوو هیچ لە هاوکێشە سیاسییەکانی کوردستان ناگۆڕێ. نەك لەبەر ئەوەی دۆخی کوردستان زۆر باشەو هیچ شتێك کاری تێناکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی یەکگرتوو خۆی کاریگەری نەماوە. کشانەوە کار لەسەر یەکگرتوو خۆی دەکات. شتێك دەنگی لە دەستچوو لە هاوپەیمانی وەردەگرێتەوە.

*خەریکە پارتی پێشی حزبەکانی تر دەداتەوە لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا.نەك لەبەر ئەوەی هامشۆی لەگەڵ دەکات. بەڵکو لەبەرئەوەی هەموو ئەو شتانە دەکات کە بە دڵی شیعەو سوننەی عەرەبە، بۆ نموونە کشانەوە لە هەڵبژاردنەکانی کەرکوك کە ئاکامەکەی بەدڵی تەعریبە.

*ئەرێ دەنگیان نەما رەنگیان نەما؟ جەماعەتی کە چوونە بەغدا گوایە لەجیاتی حکومەتی هەرێم کێشەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر دەکەن؟

**ژمارە: (٧٤٧٠) هەینی و شەممە ١٩-٢٠/١/٢٠١٨**

# له بۆنەی ڕاپەڕین و بیست و حەوت ساڵەی ئەزموونی کوردستادا

منـداڵ کـە یـاری میکانـۆ دەکات ئەگـەر ئـەو شـتەی دروسـتی دەکات بـەو جـۆرە نەبێـت کـە خـۆی لـە خەیاڵیـا وێنـەی کێشـاوە یـان بـەو جـۆرە نەبێـت کـە لەنەخشـەی هاوپێچـی میکانۆکـەدا هەیـە ، سـەرلەنوێ پێداچوونـەوە دەکات بـەوەی دروسـتی کـردووە. جـا ئەگـەر جیـاوازی نێـوان خەیـاڵ یـان نەخشـە و دیزاینـی بەردەسـتی لەلایـەک و ئـەوی دروسـتی کـردووە لـە لایەکـی تـر زۆر نەبـێ چەنـد خشـتێک دەسـتکاری دەکات یـان چەنـد هەنگاوێکـی تـر دەنێت. ئەگەریـش جیاوازییەکـە زۆر بـوو ئـەوا تێکـی دەدا و دانەیەکـی تـر دروسـت دەکاتـەوە

بێگومـان منداڵـی ژیـر دەزانـێ کـەی دەسـتکاری سـنووورداری کـەم و چاکسـازی لـە چەنـد خشـت و چەنـد قوژبنێکـدا پێویسـتە و کەینـێ کاتـی سـەرلەنوێ بیناکردنەوەیـە؟

له یادی ڕاپەرینی و ئەزموونی کوردستاندا

پێویسـتمان بـە منداڵێکـی ژیـر و بەحەوسـەڵەیە کـە بـە گوێـرەی پێویسـت دەسـتکاری میکانۆکـە بـکات.

نە لەباری ببات و نەمرداری بکاتەوە

**ژمارە: (٧٥١٢) هەینی و شەممە ٩ - ٢٠١٨/٣/١٠**

عیراق پـره لـەو عەدنـان قەیسـییانەی کـە  خۆیـان هیـچ نیـن جگـە لـەوەی کۆلاجـی پاڵەوانێکیـان بـۆ کـراوە و مۆنتاجـی فیلمێکـی نەبـەردی و داسـتانیان بـۆ دابریـون

کوردستانیش پڕە لە ئیبراهیم زەبۆکی وا کە عەزیز نەسین

ناچـار دەکـەن ئیعـتراف  بـە توانـای ئەندێشـەی فراوانـی کـورد بـکات لـە پایەدارکردنـی کەسـانی تەڵەکەبـاز و کەڵەکچـی دا

پـڕە لـە هەیکەلـی زینـدووی شەخسـی پیـرۆز کـە پـەرۆی سـەیدیان لێ بەسـتراوە و خۆیـان هیـچ نیـن جگـە لـە کارەکتـەری تەمبـەڵ و تـەوەزەل و تـڕ زل

وەك ئەوانـەی لـە حەمـام گوێیـان لـە سـەدای خۆیـان دەبـێ و نازانـن تاقیگـەی سـتۆدیۆ جیایـە لـە حەمـام

لـە حەمـام رووتـی لـێ سـتۆدیۆ دەنگـت ئاشـکرا و حەقیقەتـی رووتـت پیشان  دەدات.

**ژمارە: (٧٦١٣) هەینی و شەممە ١٣ - ٢٠١٨/٧/١٤**

*وەفـاداری خـراپ نییـە. کاتـی خـۆی ڕێکخـراوی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان بـە دەستپێشـخەری سـەرۆك مـام جـەلال دامەزرا.نامیلکـەی (یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان بۆچـی؟) بایەخـی دامەزراندنـی ئـەو ڕێکخـراوە پێشـەییە کوردسـتانییە ڕوون دەکاتـەوە.

هەقـە ئـەو ڕێکخـراوە ئەمـەی لەبەرچـاو بێـت کـە کۆنگـرە دەکاو مینبـەر بـۆ گفتوگـۆ تەرخـان دەکات کەچـی لەمێـژووی ڕەوتێکـی سـەرەکی تێکۆشـانی کـورد دەدات.

*هەڵبـژاردن شـتی باشـی تێدایـە نـەك هـەر بـۆ دیموکراسـیو ئاڵۆگۆڕی دەسـەڵات، بەڵکـو بـۆ حـزبو لایەنـە شـپرزەکانی ئۆپۆزسـیۆنیش کە تـا بینا قاقایـان کێشـەیان هەیـەو ڕەنگـە دیموکراسـیو ململانـێ لەگـەڵ ئەوانـی تـر هانیـان بـدات ناکۆکـیو شـپرزەیی وەلا بنێـنو خەریکـی (دوژمنـە دەرەکییەکانیـان) بـن.

**ژمارە: (٧٦٣٧) هەینی و شەممە ١٠ - ٢٠١٨/٨/١١**

# فەنتازی

*باوەڕی پێ دەکەیت وا دەزانێ غەشیمو لەدونیا نازانی، خەنجەری ژەهرت لەپشتەوە لێ دەداو وا دەزانێ میعلانە.ڕەنگە میعلان بێت، بەڵام مەعلوم رەوشتی رۆشنبیر شك نابات ئەگینا باوەڕی خۆی نەدەدۆراند.

*وا لە خەبەردار خەبەرمان لەسەر دا، بەس کەس داوای ناوی نەکات چونکە گرنگ باسی دیاردەکەیە نەك سەڵەوات لە دیداری کاکم. مەبەست رونکردنەوەی ئەوەیە مەرج نیە هەموو نووسینێك ڕاست بێ تەنها لەبەر ئەوەی مافی بیروڕای هەیە، زانیاری هەڵەو پەڵەش بدات.

*هەروەها خەبەری لێ دەدەین تا نەبێتە پاڵەوان کە خۆی خەنجەری غەدر دەوەشێنێ. پێی وایە بەمجۆرە ئیشی خۆی دەمەشێنێ. نازانێ قفلی لێ دا و باوەڕی دۆڕاند.

*مەترسن ئەمە رۆمانی پەنهان نییە ئەمە کورتە چیرۆکی ئاساییە.

**ژمارە: (٧٦٤٣) هەینی و شەممە ١٧ - ٢٠١٨/٨/١٨**

*ژان دەیانگرێــت کــە هــەواڵ لەســەر کۆبوونــەوەی دوولایــەن دەبێــت. ژان دەیانگرێــت کــە تەنانــەت حزبەکەشــیان لایەنێکــی ئــەو کۆبوونەوەیــە بێــت. چونکــە ئارەزوویــان لــە ناکۆکــیو دووبەرەکییــە، لــەوەدا دەبنــە ئەســتێرە کــە دەرکــەونو قســە بکــەنو توانــج تێگــرن کــە ئاشــتیو لێکگەیشــتن هەبــێ ئــەوا ناویــان نایــەو رەســمیان لــە شاشــەکانەوە دەرناکەوێــت.

*دەرس وەرناگرێــت ئــەم عەبادییــە، دەرەنجامەکانــی لــە هەڵبــژاردن پێیــان گــوت بــە شــەڕکردنی دژی کــوردو قســە بــە کەرکــوك دەنگــی زیــاد نــاکاو کورســی بــاڵا نــاکات، بــەڵام هــەر کــە لێــی دەقەومــێ کەرکــوك دەکاتــە هەرەشــە. ئــەرێ کەســێك نییــە پــێ بڵــێ کاکــە هــەر کەرکــوك ســەری پێشــینانی خــۆی خــوارد.

مالکــیو جەعفــەریو پێــش ئەوانیــش ســەددام دەرســیان وەرگرتــووە. تــۆش هــەر وەری دەگریــت.

**ژمارە: (٧٦٥٠) هەینی و شەممە ٣١ - ٨/١-٩/٢٠١٨**

*چونکـه پایـزی وەرینـی گـەڵای گەشـەکردنیانە جەماعـەت ئەڵێـن کەشـوهەوای پایـز لەبـارو گونجـاو نییـە. ئەگـەر کەسـێکی تـر وای بوتایـە تۆپخانـە دونیـای کـەڕ دەکـرد.

*هێشـتا یەکێتـیو پارتـی هـەر تاوتوێـی ئەکـەن لەسـەر چـی بگیرسـێنەوە ئـەم بـەرە یـان ئـەو هاوپەیمانـی. باشـە ئـەی حزبەکانـی تـر کـە دەیانگـوت سیاسـەتمان سـەربەخۆیە بۆچـی دەریچەیـەك پێشـنیاز ناکـەن؟

*داعـش هـاتو داعـش چـوو. حـزبو هێـزە سیاسـییەکانی عێـراق جیهادیـان ئیعـلان نەکـرد، کەچـی لەسـەر کورسـیو چـوار پایـە چەنـد دانەیەکیـان جیهادیـان دژی ئەمەریـکا راگەیانـدووە.

**ژمارە: (٧٦٥٦) هەینی و شەممە ٧ - ٢٠١٨/٩/٨**

# وەڵڵاهو ئەعلەم

*بـۆ ئەوانـەی لـە وتەکانـی شـێخی دیپلۆماسـیی عیـراق نیگەرانـن کـە مانشـێتی سـەرەکی دیدارەکـەی سـیخورمەیە لـە لایەنێکـی سیاسـی، خاتـر جـەم بـن، ئـەو مانشـێتە هـی پرۆفیشـناڵە بێلایەنەکانـن، وە گەرنـا لەناوەڕۆکـی دیدارەکـەدا سـیخورمەی زۆری تێدایـە لـە سیاسـەتی پەیوەندییەکانـی هەرێـم لـە گـەڵ بەغـدا.

ناوەڕۆك شتی تێدایە، وەڵڵاهوئەعلەم.

*بەرپرسـەکەی یەکگرتـوو لەبـارەی دەستلەکارکێشـانەوەی وەزیـری کارەبـا نیگەرانییەکـی راسـتی حزبەکـەی گەیانـدە خەڵـك، بـەڵام قسـەیەکی سـەرنج راکێشـی کـرد کـە نیگەرانییەکـەی خـۆی کـردە نیگەرانـی لای خەڵـك. ئـەو لـە کۆنگـرە رۆژنامەنووسـییەکەدا وتـی: (ئەمـە راکـردن نییـە لـە بەرپرسـیارێتی، تەنیـا خەمـی هاووڵاتیانمانـە، ئێمـە دڵنیایـن حکومـەت نەیدەتوانـی داخوازییەکانـی ئـەم وەزارەتـە جێبەجـێ بـکات)، پرسـیار ئەوەیـە کـە (نەیدەتوانـی) ئاماژەیـە بـەوەی شـتەکە لـە دەسـەڵاتی حکومەتیـش نییـە، ئیـتر وەزیـر لـە چـی حکومـەت زویـرەو خەمـی هاووڵاتـی لـە کوێدایـە؟

*عەیبـی میدیـای حزبـی ئەوەیـە ناتوانێـت هەمـوو شـتێك بڵێـت، عەیبـی میدیـای غەیـرە حزبیـش ئەوەیـە ناتوانێـت هەمـوو شـتێکی دەیڵێ پێکـەوە گـرێ بـدات، بـۆ نموونـە دوو رۆژنامـە، دوو راپۆرتیـان لەسـەر پلـە بەرزکردنـەوەی راوێژکارەکانـی پەرلەمـان کـردووە کـە لـە سـەر دەسـتی

جێگری سـەرۆکی پەرلەمـان کـراون، بـەڵام یەکەمیـان پێـمان ناڵـێ ئایـا ئەم کارە باشـە، یـان نەخێـر، پێشـمان ناڵـێ ئەمـە بەڵگـەی ناکۆکـی حکومـەتو پەرلەمانـە لـەولا، یـان هـەروا رێکەوتـی بڕیـاری جیـاوازە.

دووەمیشـیان پێـمان ناڵـێ ئایـا بڕیارەکـە خراپـە، چونکـە جێگـری سـەرۆك دەریکـردووەو ئەگـەر سـەرۆك دەریکردبـا ڕاسـتکردنەوە بـوو لەپێنـاوی عەدالەتـدا یاخـود نەخێـر؟

ئایـا راوێژکارەکانـی فراکسـیۆنی هەژمـوونو فراکسـیۆنی زیزکـراو چـی دەڵێـن؟

وەڵڵاهو ئەعلەم.

**ژمارە:(٦٨٦٤) سێشەممە ٢٠١٦/١/٥**

*دوێنـێ کوردسـتانی نـوێ پوختـەی بۆچوونەکانـی نووسـەری سـعودی «عەبدوڵـڵا ئەلعتێبـی» بڵاوکـردەوە کـە لەژمـارەی ئـەم هەفتەیـەی رۆژنامـەی سـعودی دەرچـووی لەنـدەن، شـەرقی ئەوسـەت، بڵاویکـردەوە. ناوبـراو لەوتـاری (کـوردو وڵاتانـی ئاسـیای ناوەڕاسـت) داوا دەکات عەرەب و کەنـداوو بەتایبەتـی سـعودیە کارتـی زوڵملێکـراوی کـورد بـەکار بێنـن بـۆ بەرانبەرەکـی لەگـەڵ ئێرانـدا.

عتێبـی دوای ئـەوەی دانـی پێـدا دەنێـت کـورد زوڵمـی لێکـراوەو مافـدارە دێتەسـەر ئەسـڵی مەقسـەدو داوا دەکات کارتـی کـوردی دژی ئێـران بەکاربێـت. ئـەو دەمانکاتـە بەشـێك لـە میحـوەری سـوننی کـە هـەر بـۆ ئـەوە باشـە دژایەتـی میحـوەری شـیعی بـکات. تەبعـەن ئەمـە یەکەمجـار نییـە لەمێـژوودا کارتـی کـوردی بـۆ بەرژەوەندیـی دەوڵەتـە زلهێـزەکان سـوئی ئیسـتیفادەی لـێ بکرێـت. بـەڵام لـە وەختێکـدا کـورد خەریکـە رادەبێتـەوەو دەبێتـە خاوەنـی خـۆی تـازە ئـەم بیرمەندە سـعودیە داوای بـە دەسـکەلاکردنی مەسـەلەی کـورد دەکات. جـاران زلهێـزەکان تەماعیـان لـە کارتـی کـوردی بـووە، ئێسـتا سـعودیەش گەرەکێتـی. کـورد لەسـەر ئەمـە وتویەتـی چۆلەکـە تـۆ خـۆت چـی و گۆشـتاوت لەچـی؟.

*بەڵگـە زۆرن بـۆ دابڕانـی سیاسـەتی ئەمریـکا لـەوی لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەقەومـێ. یـەك لەوانـە شرۆڤـەی دیبلۆماسـی ئەمریکییـە بـۆ تێکچوونـی پەیوەندییەکانـی نێـوان ریـاز و تـاران. وا دونیـای هـەردوولا لـە

باڵیۆزخانـه و کونسـڵخانه بەربوونەتـه گیـان هـەردوو وڵات، کەچـی جـۆن کیـری هـەر بـەوە ئیکتفـای کـردووە حکومەتەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت هانبـدات ناوبژیوانـی دیبلۆماسـی بکـەن بـۆ چارەسـەری کێشـەکان. کەناڵی دیبلۆماسـیی بـە فلتـەری سـەفارەت و کونسـڵخانەکاندا دەڕوا. ململانێـی سـوتانی دیبلۆماسـیی بەڵگەیـە بـۆ ئـەوەی جـارێ دەرفەتـی دیبلۆماسـی نەخەملیـووە.

ژمارە:(٦٨٦٥) چوارشەممە ٢٠١٦/١/٦

# خەنجەری عوسمانی

بڵاوكــراوەی (Me panorama) نووســیوویەتی: حكومەتــی دادو گەشــەپێدان، ســعودیەی لــە نیــوەی ڕێگــەدا بەجێهێشــتووە. گوایــە ئەمــە سـێیەم جـارە خەنجـەر لەپشـتی هاوپەیمانـە سـوننییەكەی خـۆی دەدات. جارێكیـان كـە هاوپەیمانێتیـی شـەڕی لـە یەمـەن ڕاگەیانـد، جارێكیـان كـە هاوپەیمانیـی ئیسـلامیی دروسـتكردو ئەمجـارەش كـە تووشـی دەرگیـری هاتـووە لەگـەڵ كۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـدا. بەگوێـرەی ئـەم هەواڵـە بێـت سـێ جـار خەنجـەر وەشـاندنەكە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی توركیـا پایـزە هاوپەیمانــە.

تائێــرە قســەی بڵاوكراوەكــە تــەواو دەبێــت، ئــەوەی مــاوە وەســفی خەنجـەر لەپشـتەوەدان هـی ڤیلادیمێـر پوتینـەو ڕەنگـە نـەك هـەر بـۆ ســعودیەو هاوپەیمانێتییەكــەی لەگــەڵ توركیــا دەســت بــدات. بەڵكــو بــۆ لایەنەكانــی تریــش دەســت بــدات. لەبیرتــان بێــت لــە گەرمــەی شــەڕی مەخمــورو هێرشــی داعشــدا د.فوئــاد حســێن ســەرۆكی دیوانــی ســەرۆكایەتیی هەرێـم وتـی: توركیـا تووشـی نائومێـدی كردیـن. ئایا كەسـی تـر ئومێـدی بـە هاوپەیمانێتیـی توركیـا مـاوە؟!

شێخەكان لە هەولێر

بەگوێـرەی هەواڵێكـی pukmedia ئەنجومەنـی هـۆزە شۆڕشـگێڕەكانی عیـراق لـە شـاری هەولێـرەوە پاڵپشـتی خۆیـان بـۆ سـعودیە ڕاگەیانـدووە. باشــە ئەگــەر ئەمــە بــۆ گێچەڵكــردن بــە كــورد نەبێــت، ئەنجومەنــی

ناوبــراو شــوێنی تــری نەبــوو کۆنگــرەی تێــدا بــکات؟ جێگــەی تــر نییــە پاڵپشــتی ســعودیەو دژایەتــی ئێرانــی لــێ بکــەن، لــە بەغــدا کۆنگــرە بــۆ دژایەتــی ســعودیە دەکــرێو لــە هەولێریــش کۆنگــرە بــۆ پشــتیوانیکردنی. کوردســتان بــۆ لــەم دەردو بەڵایــە تێــوە دەگلێنــن؟

ئەگــەر ئــەو کۆنگرەیــە لــە ســلێمانی بووایــە، هەندێــك میدیــا هەڵڵایــان دەنایــەوە گوایــە ســلێمانی شــاری بــێ حاکمــەو لــە ژێــر هەژموونــی ئێراندایــە!

**ژمارە:(٦٨٦٦) پێنجشەممە ٢٠١٦/١/٧**

*سـەرۆکی کۆریـای باکـوور دەرسو دەوری عیراقـی باسـکرد، وتـی: سـەدامو قەزافـی بۆیـە لەناوبـران، چونکـە بەرنامـەی ئەتۆمـی خۆیـان هـەرزان فـرۆش کـرد. هیچـی وایـان لەبەردەسـت نەبـوو بتوانـن داکۆکـی پێبکـەن لەخۆیـانو رژێمەکەیـان.

ئەمـە ئـەو دەرسـەیە سـەرۆك کیـم جۆنـگ ئـۆن لەکتێبـی ئەزموونـی دیکتاتـۆرەکان خوێندویەتییـەوە، بـەڵام لەبیـری دەچێـت کـە پاکسـتان ئەتۆمـی هەیـە کـە چـی ئەتۆمـی نەیتوانیـووە لەبـەردەم هەڕەشـەو دەسـتوەردانی دەرەکـی بیپارێـزێو تەنانـەت لەململانـێ لەگـەڵ هندستانیشـدا سـەنگی لەسـەنگی دەلهـی زیاتـر بـکات. ئـەوەی پاکسـتانی پاراسـتووە ئـەو کەمۆکـە دیموکراتییەیـە کـە هەناسـەی ئـازادیو ئاڵوگـۆڕی سیاسـی داوە بەسیاسـەتو جەمـاوەر لـەو وڵاتـەدا، دیموکراسـییەکە زوو پیلانـی تیرۆریسـتانو دەسـتوەردان پـەك دەخـات، نـەك بەرنامـەی ئەتۆمی پاکسـتان.

*ئەگـەر خـوای گـەورە کـردیو نادیە مـوراد بـووە پاڵێوراوێکـی بەهێزی خەڵاتـی نۆبـڵ بـۆ ئاشـتی بـا هـەر لەئێسـتاوە لەسـەر ئـەوە رێکبکەویـن لەسـەر نادیـەش نەیکەینـە هەڵـڵاو نەیگەیەنینـە مریشـکە رەشـە. نادیـە مـوراد کچێکـی ئێـزدی، کوردسـتانیی، عیراقییـە، تـا کـورد لەچوارچێـوەی عیراقـدا دەژیو تـا نادیـە خـۆی بەکـورد دەزانێـت. کـەس موزایەدە بەسـەر ئـەم کەنیشـکە فەقیـرەوە نـەکاتو نـانو پیـازی ئێزدایەتـیو کوردایەتـیو

عیراقچێتـی پێـوە نەخـوات. واقیعـی حـاڵ ئەوەیـە تراژیدیـای ئێزدییـەکان هــەر لەخۆیــان قەومــاوەو لەکەمتەرخەمیشــدا هــەم کوردســتانو هــەم عیراقیــش بــێ خەتــا لێــی دەرناچــن. پاڵێــوراوی بــۆ خەڵاتــی نۆبــڵ پاڵنەرێکـی رەمـزیو مەعنەوییـە بـۆ بـەرەو پێشـبردنی پرسـی جینۆسـایدی ئێزدییـەکان. بـۆ ئـەوە نییـە پرسـی حزبـی، یـان پرسـی رەگەزایەتـیو پرسـی ململانێـی ژێربەژێـری پێببـەن بەرێـوە.

نادیە ناسنامەیەکی هاوبەشە.

**ژمارە:(٦٨٦٨) یەک شەممە ٢٠١٦/١/١٠**

*دیـارە رای گشـتی لەکوردسـتان خەریکـە کاریگـەری دادەنێـت لەسـەر ڕووداوو بڕیـارەکان، بۆیـە پەرلەمانـی کوردسـتان بڕیـاری بەرزکردنـەوەی مووچـەو پلـەی راوێژکارەکانـی راگـرت.

راگەیەندراوێکـی راگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان ئامـاژە بەهەڵوەشـاندنەوەی بڕیـاری (٥٨٧٨٠) لـەرۆژی ٢٠١٥/١٢/٩ بەئیمـزای جێگـری سـەرۆکی پەرلەمـان کـراوە کـە بەڵـێ ئـەو بڕیـارە لەگـەڵ سیاسـەتی چاکسـازیی حکومەتـی هەرێـم ناگونجێـت. پەشـیمان بوونـەوە لەبڕیـاری وا کارێکـی زۆرباشـەو هیواداریـن ببێتـە سیاسـەتێکی گشـتی لەکوردسـتان. خۆباشـتر وایـە بریـار دوای لێکۆڵینـەوەو گەڵاڵەکردنـی هەمـوو پێداویسـتیەکانی ئینجـا دەربچێـت. بـەڵام بەدرەنگیشـەوە لەهەڵـە پەشـیمانبوونەوە هـەر فەزیلەتـە. زیـان نـەك لەنیـوەی بەڵکـو ٧٥٪یـش بگەڕێتـەوە هـەر خێـرو سـەدەقەو باشـە. داخـۆ ئەگـەر ئـەم سیاسـەتە جێبەجـێ بکرێـت چەنـد بڕیـاری هەڵـەی تـر مـاوە کـە دەبێـت هەڵبوەشـێتەوە؟

*موفتـی عیراقـی تازەیـەو، کەچـی قسـەیەك لەسـەر کـوردو کوردسـتان نـاکات. ئـاڵای کوردسـتان کـە لەسـایەی ئارامـی ئـەودا کۆنگرەی سـوننەکان لەپایتەخـت دەبەسـتێت، لەکۆنگـرەدا وەکـو میوانیـش دانەنـراوە.

باشە خێرە کوردستان کۆنگرەی وا لەباوەش دەگرێت؟

کـێ رێـی بەکۆنگـرەی وا داوە کـە موفتـی عیـراق رافـع الرفاعـی

بەزمانیـا نەیـەت باسـێکی کـورد بـکات؟. کـێ خشـتەی کارەکانـی بینیـوە وەزارەتـی ئەوقـاف کـە وەزیرەکـەی لەمەنفـای پشـت دێگەڵەیـە یـان ئیـدارەی پارێـزگای هەولێـر کـە ئەنجومەنەکـەی بەشـی حزبەکانـی تێـدا نییـە؟ کۆنگـرەی عەرەبـی سـوننە لەهەولێـری پایتەختـی کوردسـتان یـەك لەدەیـان وێسـتگەیە بـۆ شـپرزەیی سـتراتیژێکی ڕەوا لەمامەڵەمـان لەگـەڵ کوردسـتاندا.

**ژمارە:(٦٨٦٩) دووشەممە ٢٠١٦/١/١١**

داواکردنــی پۆســت لەکەرکــوك لەوەختێکــدا نــە هەڵبــژاردن بەڕێوەیــەو نەئیســتحقاقێکی هەڵبــژاردن هەیــە، وروژاندنێکــی رۆژنامەیــی سەرنجڕاکێشــە، پارتــی لەئەنجومەنــی پارێــزگای هەولێــرو دهــۆك بەشــی یەکێتــیو حزبەکانــی تــر نــادات، زۆر ســەیرە لەکەرکــوك داوای پۆســت بۆخــۆی بــکات.

هەمــوو لایــەك دەزانــن دەنگــی یەکێتــی لەهەولێــرو دهــۆك زۆر زیاتــر لەدەنگــی پارتــی لەکەرکــوك، کەچــی پارتــی لەکەرکــوك پۆســتی زۆرەو لەپایتەختــی کوردســتانیش ئیســتحقاقی هەڵبژاردنــی خەڵــك نــادات، لەموسڵی پێش سەردەمی داعشیش یەکێتی مەحروم کرد لەپۆستەکانی خۆی، کەچی لەو کەرکوکەی لەهەندێك شوێندا نیواو نیوی پۆستەکانی وەرگرتــووە، داوای هــی تریــش ئــەکات.

*هــەواڵ هەیــە ســەربەقوڕ دێنێتــە پێکەنیــن وەك ئــەو هەواڵــەی بــاس لەخۆپیشــاندانی خەڵکــی بــەسرە دەکات بــۆ پشــتیوانی لەســەرۆکی پەرلەمانــی کوردســتان دژی سیاســەتی پارتــی لەدەرکردنــی وەزیرەکانــی گــۆڕانو ســەرۆك پەرلەمانــی کوردســتان. چەنــد مانگێکــە تەنگژەکــە دروســت بــووە، تــازە هــەواڵ ئەچــێ بــۆ بــەسرە، بەعــدە خەرابــی بەسڕە.

تــازە بــەسرە پێــی دەزانــێ پەرلەمانــی کوردســتان لێــی قەومــاوە و ســەرۆکەکەی لەمەنفــای ئــەم دیــو دێگەڵەیــە.

تــازە هاوپشــتیو هاوســۆزی بەســەر پایتەختــی هەرێمــی کوردســتانو

بەسەر پایتەختی عیراقی فیدراڵیو بەسەر پایتەختی شوێنە پیرۆزەکانی شیعەدا گوزەر دەکاتو لەبەندەری بەسرە دەنیشێتەوە.

جاران باشتربوو، شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە قەوما پاش ماوەیەك لەبەسرە شانەی مارکسی دروست بوو، کەچی چەند مانگە لەکوردستان قەوماوە، تازە هەواڵ لەبەسراوە دێت کە گرتەی ڤیدۆیشی نییەو وێنەی فۆتۆگراف دەڵێت لەو بەسرایە وێنەی پەرلەمان هەڵواسرایە.

ژمارە:(٦٨٧٤) دووشەممە ٢٠١٦/١/١٨

حزبییەکـی نموونەیـی کێیـە؟ ئـەو کەسـەیە کـە ستایشـی پارتەکـەی دەکات، نوقـورچ لـە رکابـەرو هاوپەیمانـی پارتەکـەی دەگرێـت، گاڵتـە بـە حزبـی بەشـەکانی تـری کوردسـتان دەکاتو سـووکایەتیی بـە حزبـی رکابـەری حزبەکـەی دەکات. بـەم تاریفـە وتارێکـی نموونەیـیو حزبـی لـە رۆژنامەیەکـی (سـەربەخۆ)یانی وەکـو (رووداو)دا دەبینیـن.

لـە دوا ژمـارەی رۆژی (٢٠١٦/٣/٢٨)ی رووداو-دا، رێبـوار کەریـم وەلـی؛ فۆبیـای یەکێتـی فراوانـتر کـردووەو کردوویەتیـە فۆبیـای هەمـوو حزبێـك جگـە لـە پارتـی.

لـە یاداشـتێکی (٣) بەشـدا بـە دڵـی پارتییەکـی پێرفێکـت، مەدحـی سـەرۆکی پارتـیو پارتەکـەی خـۆی کـردووە. ئینجـا بـە دڵـی پارتەکـەی نوقـورچو توانجـی لـە یەکێتـیو گـۆڕانو پەکەکـەش گرتـووە. ئـێ خـۆ راگەیاندنکارێکـی عەیـارە بیسـتوچواری حزبییـش هـەر ئەمەنـە دەکات کـە رێبـوار کردوویەتـی. سـوبحانەڵڵا هێشـتاش دەڵێـن بـێ لایەنـە، پارتـی نییـەو سـەربەخۆیە، رەنگـە فەرقەکـەی هـەر ئـەوە بێـت کـە ئابوونـە نـادات.

**ژمارە:(٦٩٣٢) چوارشەممە ٢٠١٦/٣/٣٠**

# كۆبوونەوەیەكی نارەسمی

هەواڵەكـە بـەو جۆرەیـە كـە سـەرۆكو جێگـری سـەرۆكو سـكرتێری پەرلەمانـی كوردسـتان لـە دیدارێكـی نارەسـمیدا لەسلێمانیو لەبـارەگای سـەر بـە حزبێكـی ئیسـلامی، لـە شـوێنێكی نارەسـمی كۆبوونەتـەوەو هەنـدێ لـە سـایتە نارەسـمییەكانیش بەشـێوەیەكی نارەسـمی هەواڵەكەیـان بڵاوكردۆتـەوەو تا ئێسـتاش تەنها بەشـێوەیەكی نارەسـمی هەواڵـی كۆبوونەوەكـە رەتكراوەتەوە.

دۆخـی سیاسـی لـە كوردسـتان بەهـۆی پەكخسـتنو قۆڵبەسـتكردنی پەرلەمانـی كوردسـتانەوە بـەرەو نشـێوێكی تـەڕو شـێدار غلۆربۆتـەوەو لـە قـوڕە لیتەیەكـدا چەقیـوەو مەكینەیەكـی بەهێزیـش نییـە دەربـازی بـكات، بۆیـە نـەك كۆبوونـەوەی نارەسـمی، بەڵكو كۆبوونـەوەی رەسـمیش ناتوانێ، بەبـێ ئیـرادەو بەبـێ ویسـتی سازشـكردن، شـتێكی ئەوتـۆ بەدەسـت بهێنێ.

بۆیــە ئەگــەر هەواڵــی نارەســمی ئــەو كۆبوونــەوە نارەســمییە، بەشـێوەیەكی رەسـمی رەتبكرایەتـەوە، ئـەوا دەردەكـەوت كـە دیدارێكـی لـەو جـۆرە روویـنـەداوە، بـەڵام لـە حاڵەتێكـی لـەو جـۆرەدا، ئەگـەری سـازكردنی ئـەو كۆبوونەوەیـەو ئەگـەری سـازنەكردنی یەكسـانە بـە یـەك.

بۆیـە هەواڵەكـە هـەر بـە نارەسـمی دەمێنێتەوە، چونكـە هیچ لایەنێكی رەسـمی ناتوانـێ باسـی بـكات.. ئەوانەشـی باسـی دەكـەن تەنهـا لایەنـە نارەسـمییەكانن، بۆیـە ئـەم سـتوونە كورتـەی ئێمـەش هـەر بـە نارەسـمی دەمێنێتـەوە.

**ژمارە:(٦٩٣٣) پێنجشەممە ٢٠١٦/٣/٣١**

ئەمـە چەنـد جارێکـە بـاس نیـوز و دەسـتە خوشـکەکانی لـە میدیـا سـێبەرەکان درۆ و دەلەسـە بەنـاوی راگەیاندنـی یەکێتـی و لەسـەر راگەیاندنـی یەکێتـی بـڵاو دەکەنـەوە، کـە دواترینیـان گوایـە فەتـوای سـنووردارکردنی کوردسـتان بەسـەر سـێ بـەش و فەرامۆشـکردنی بەشـی کوردسـتانی رۆژهەڵاتـە، لـە ترسـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران.

روو زەردەکانـی بـاس نیـوز بـەم جـۆرە درۆیانـە دەخـوازن پەراوێـزی بەگەکانیـان پـاك بکەنـەوە کـە تۆماریـان لـە بزووتنـەوەی رۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا رەش و چڵکنـە، وا دەزانـن یـادەوەری کوردایەتـی رۆژهـەڵات وەکـو یـادەوەری بـاس نیـوز کولـە و لەبیـری چۆتـەوە کـێ هێـزی پشـتیوان و کێـش لـە سـەنگەری هەڵـەی بەرامبـەر بـوو؟ وەك چـۆن ئێسـتا خەندەق لـێ دەدەن بـەڕووی رۆژئـاواو ناحـەزی شۆڕشـی باکـوورن.

لێبووکەکانـی بـاس نیـوز کـە ئەرکیـان داڕشـتنی راسـپاردە ئەمنییەکانـە، وا دەزانـن راگەیاندنـی یەکێتـی، کەناڵەکانـی خـۆی لـە سیاسـەتێکی مەرکەزیـی تووندـدا شـەکەت داوە، تـا ئـەم جـۆرە بڕیـار و راسـپاردانە دەربکرێـت و ئەوانیـش درۆی بـۆ دابتاشـن.

کاری راگەیاندنـی بـاس نیـوز لەوەتـەی هەیە دەسـتی سـوورە بەخوێنی مەرەکەبـی نووسـین لـە دژایەتیکردنـی تێکۆشـانی کـورد لـە بەشـەکانی کوردسـتان و ماشـەڵڵای لـێ بێـت لـە دیموکراسـییەکەی ئاکپارتیـدا جێـی رۆژنامەشـیان (چاپـی تورکـی) کراوەتـەوە، کەچـی خـەم و خولیـای بۆتـە

چاودێـری ڕاگەیاندنـی یەکێتـی.

هـەر دوو هەفتـە پێـش ئێسـتا درۆیـان فەرمـوو، گوایـە تورکیـا گلەیـی لــە ڕاگەیاندنــی یەکێتــی هەیــە و ئێســتاش درۆ بــۆ دۆســێی ئێــران و ڕۆژهــەڵات دەکـەن.

لـە پاشـکۆ و داردەسـتی ڕاگەیانـدن وایـە کـە هەمـوو خەڵـك وەکـو خۆیـان پاشـکۆ و ڕاسـپاردە لـەم و لـەو وەردەگـرن.

**ژمارە:(٦٩٦٩) پێنجشەممە ٢٠١٦/٥/١٢**